Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# کاریگەری فلتەرکردن لە میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەسەر بەکارهێنەران لەهەرێمی کوردستاندا

**ئاوارە حاجی خدر[1] - سامان جلال مولود[2]**

[2-1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شوێنپێیان بە میدیای کلاسیکی لێژکردوە و کاریگەری گەورەیان لەسەر کۆمەڵگە دروستکردوە. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەری فلتەرکردن لە میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەسەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا)، کەوا لە کاریگەری فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک دەکۆڵێتەوە، لەبەرئەوەی فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی کاریگەری ئەرێنی لەسەر کوالیتی و بەرزکردنەوەی بەرهەمە میدیاییەکان هەیە.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی کاریگەری فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک. توێژەر پشتی بەجۆری توێژینەوەی وەسفی بەستوەو میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە. هەروەها فۆرمی ڕاپرسی ئەلیکترۆنی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان و پێوەری (لیکارد)ی سێ هەڵبژاردەیی بەکارهاتوە. دوسەد و هەشتا ڕۆژنامەنوس لە هەر چوار پارێزگا (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە)، وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

کێشەی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە، کە لەڕێگای میدیای کۆمەڵایەتی بەتایبەتی فەیسبوک، بەردەوام لێشاوێک لە زانیاری مەترسیدار و نادروست بەبێ فلتەرکردن دەنێردرێن و بڵاودەکرێنەوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پاکتاوکردنی هەمو ئەو پەیامانەی، کە لەڕێگای میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک بێ بەرپرسیاریەتی دەنێردرێن و بڵاودەکرێنەوە.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەو توێژینەوەیە پێیگەیشتوە، زۆرینەی ڕۆژنامەنوسان پێیانوایە، کە میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە فلتەرکردن هەیە. هەروەها لە ڕێگەی فلتەرکردنەوە دەتواندرێت کۆتایی بەو سوکایەتی و ناوزڕاندن و بێڕێزی کردنە بهێندرێت، کە لە میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

## کلیلە وشەکان:

کاریگەری، فلتەرکردن، میدیای کۆمەڵایەتی، فەیسبوک، بەکارهێنەران" هەرێمی کوردستان.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper26
**Received:** 23-August-2021
**Accepted:** 13-September-2021
**Published:** 29-March-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
awara.kheder@su.edu.krd
saman.mawlood@su.edu.krd
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەكی:

لە ئێستادا تەوژم و لێشاوی زانیارییەکان بە کوالیتی نزم، بێ هیچ فلتەرکردنێک و گرتنەبەری کەمترین ڕێوشوێنی یاسایی و ئەکادیمی ئاراستەی وەرگران و بەکارهێنەران دەکرێت، کە ئەمە دەیان ئاستەنگی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی لێکەوتۆتەوە، لە کاتێکدا پێویست دەکات کە لە ڕێگای فلتەرکردن و گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و ئەکادیمی و پرۆفیشناڵی، پەیامەکان بڵاوبکرێنەوە، کە بەشێکی بۆ نەبوونی دەزگای چاودێری میدیایی و یاسای تایبەت بە میدیای ئەلیکترۆنی دەگەڕێتەوە. فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی کوالیتی بەرهەمە میدیاییەکان و ڕێکخستنی جوڵەی میدیایی و پاراستنی کۆمەڵگەیە لە زانیاری نادروست، کە لە ڕێگای پەیج و ئەکاونت و سایتە ساختەکانەوە ئاراستەی بەکارهێنەران دەکرێت. کێشەی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە کە پەرتەوازەیی لە میدیای کۆمەڵایەتی کوردی و هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەکارهێنەران لێکەوتەی مەترسیدار و زیانبەخشی لە ڕێگەی میدیای ئەلیکترۆنی بە گشتی و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە تایبەتی درووستکردووە. لەم نێوەندەدا میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە کوردستان، بۆتە سەکۆیەک بۆ تۆمەت بەخشین، سوکایەتی، ناوزڕاندن، بێڕێزی کردن و بەکارهێنانی زمانی زبر.
گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبووک کاریگەری ئەرێنی لە سەر کوالیتی و بەرزکردنەوەی بەرهەمە میدیاییەکان و مامەڵەی دروستی بەکارهێنەران لەگەڵ تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی هەیە.

## باسی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوەکە

یەکەم: پەرتەوازەیی لە میدیای کۆمەڵایەتی و هەبونی ژمارەیەکی زۆر لە بەکارهێنەران لێکەوتەی مەترسیدار و زیانبەخشی لە ڕێگەی نیو میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەت فەیسبوک دروستکردوە.
دوەم: نەبونی سیستەمی فلتەرکردن بۆ تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان.
سێیەم: نەبونی یاسایەکی تایبەت بۆ ڕێکخستنی نیو میدیا لە کوردستان.
چوارەم: کەمتەرخەمی یەکە ئیدارییەکان بۆ بەدواداچون بۆ لێکەوتەکانی ئەو بەرهەمە میدیایانەی کە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەکارهێنەران لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دروستدەکات.

### گرنگی توێژینەوەکە:

فلتەرکردنی ئەو پەیام و بەرهەمانەیە کە لە ڕێگای میدیای کۆمەڵایەتی بەگشتی و بە دیاریکراویی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک ئاراستەی بەکارهێنەران دەکرێت. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەپێناو دەرکردنی یاسایەکی

تایبەتە بۆ ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی، تا لەو ڕێگەیەوە بتواندرێت بەبەکارهێنانی سیستەمی فلتەرکردن پاکتاوی هەمو ئەو بەرهەم و ماددانە بکرێت، کە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دوچاری بەکارهێنەران دەبێتەوە و لە دواجار زیان بە تاک و کۆمەڵگە دەگەیەنێت، هەروەها لە ڕێگەی فلتەرکردنەوە بتواندرێت ئاستی کوالیتی پەیام و پۆستەکان بەرزبکرێتەوە. گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ئاستی تێگەیشتنی بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستان بەرزبکرێتەوە، بە ئامانجی کەمکردنەوەی ئاریشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەرونییەکان و چاندنی هەستی بەرپرسیاریەتی لەلای بەکارهێنەران.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە فلتەرکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چ کاریگەرییەکی بەسەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

یەکەم: گەیشتن بەهۆکار و ئاستەنگەکانی بەردەم نەبونی فلتەرکردن بۆ ئەو پۆستانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە.

دوەم: زانینی ئەو بەربەستانەی کە بونەتە هۆکاری نەبونی یاسایەکی تایبەت بەبواری فلتەرکردن، بەئامانجی ڕێکخستنی میدیای ئینترنێتی.

سێیەم: چڕکردنەوەی هەوڵ و کۆششەکان بۆ دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت بەبواری فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی.

## جۆری توێژینەوەکە:

توێژینەوەیەکی جۆری وەسفییە بە پەیرەوکردنی میتۆدی ڕوپێوی (مسحی)، کە بە میتۆدێکی گونجاو دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دروست و پەیوەندار بۆ چارەسەری کێشەی توێژینەوەکە، کە کاریگەری فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوکە لەسەر بەکارهێنەران. بەو هۆیەوە توێژەر وەسفی بابەتی توێژینەوەکەی لەناو بواری شوێن و کاتی توێژینەوەکەدا کردوە.

هەروەها هەوڵیداوە لەڕێگەی ڕوپێوی کردنەوە لە کاریگەری فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەسەر بەکارهێنەران بکۆڵێتەوە. هاوکات توێژەر لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی کێشەی توێژینەوەی دیاریکردوە و کردویەتە هۆیەک بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست.

## کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:

ا. کۆمەڵگەی توێژینەوە مەبەست لێیوەرگرتنی بەشێکە لە کۆمەڵگەی سنوری توێژینەوەکە، کە بەپێی بنەما و شێوازی زانستیانە دەکرێتە سامپڵی ڕاستەقینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بەکێشەی کاریگەری

فلتەرکردن لە میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەسەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا، کە پێکهاتوە لە توێژی ڕۆژنامەنوسان.

ب. بواری مرۆیی: سامپڵی مرۆیی بۆ توێژینەوە، مەبەست لە وەرگرتنی بەشێکە لە کۆمەڵگەی سنوری توێژینەوەکە تا بەپێی ڕێسا و شێوازی زانستیانە بکرێتە سامپڵێکی ڕاستەقینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە بواری (کاریگەری فلتەرکردن لە میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەسەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا) کە خۆی لە ڕاپرسی دەبینێتەوە بۆ نوخبەیەک لە پسپۆرانی بواری میدیا و ڕۆژنامەنوسان و بەکارهێنەران بە شێوەیەکی دیاریکراو.

## سنوری توێژینەوە:

ا. بواری شوێن: هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان وەک شوێنی جوگرافی توێژینەوەکە دەستنیشانکراون، وەک پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە).

ب. بواری کات: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە لەڕوی دەستنیشانکردنی کات، توێژەر ڕێککەوتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەستنیشاندەکات کە نێوان (٢٠٢٠ ـ ٢٠٢١)ە.

## توێژینەوەکانی پێشو:

-توێژینەوەی ئیلجەی ئۆکێلی کە لە ساڵی ٢٠١٩ لە گۆڤاری ئیمۆری لۆ بڵاوکراوەتەوە، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**دەستووری وڵات وەکو چاودێرێک بە سەر بەرێوەبردنی تازەدا، بەبەکارهێنانی یاسای ئازادی ڕادەربرین بۆ پارێزگاریکردن لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی لە پلاتفۆرمەکانی کۆمەڵایەتی بەرچاویان لیڵ نەکەن**). توێژەر لەم توێژینەوەیدا بەگوێرەی میتۆدی بەراوردکاری بەراوردی دەستوری ئەمریکی و سیاسەتی کۆمپانیاکان بۆ ئازادی ڕادەبرین کردوە. ئەم توێژینەوەیە زیاتر گرنگی دەدات بە دەستوری وڵاتی ئەمریکا بۆ پارێزگاریکردن لە هاووڵاتیانی، کە وەکو چاودێرێک پشتی پێببەسترێت، بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا یاخود ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنەکان بەرچاوی هاووڵاتیان لیڵ نەکەن بە نیشاندان و دەرخستنی هەندێک تەوەر، بەپێچەوانەوە نیشان نەدان و فلتەرکردنی هەندێک لە ڕاوبۆچونەکان.

-توێژینەوەی گەشاو عەلی فەرەج کە لە ساڵی ٢٠٢٠ پێشکەشی زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێری کردوە، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**ڕۆڵی دەزگاکانی چاودێری کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق دا**) کراوە. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی ڕوپێوییە، ئامانج لێی خستنەڕوی گرنگی ئەو ڕێگا و شێوازانەیە کە بۆ چاودێری چالاکی میدیا و ناوەڕۆکی پەیامی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن گرنگ و پێویستن، بە مەبەستی سانسۆر لەسەر ئازادی ڕادەربرین. ئەم توێژینەوەیە دراسەیەکی وەسفییە بەبەکارهێنانی میتۆدی ڕوپێوی لەسەر ئەو

بنەمایەی کە میتۆدێکی گونجاوە لەگەڵ ئەو ئامانجەی توێژینەوەکە دەیەوێت بە دەستی بێنێت، بە مەبەستی بەدەستهێنانی داتا و زانیاری و گەیشتن بە ئامانجی گشتی توێژینەوەکە. ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە دەزگای چاودێریکردنی میدیایی لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت بۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بە پێویست دەزانرێت.

-توێژینەوەی هێرش رەسوڵ مراد لە ٢٠١١ ئەنجامدراوە و پێشکەشی زانکۆی سلێمانی کردوە، ئەم تێزی دکتۆرایە بەناونیشانی (**ئەرکی چاودێری بۆ ڕۆژنامەوانی کوردی لە هەرێمی کوردستان**) کراوە. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی شیکاری و مەیدانییە لە هەردو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ڕۆژنامە. ئەم توێژینەوەیە لە ئەرکی چاودێرکاری ڕۆژنامەنوسی بە شێوەیەکی تایبەت دەکۆڵێتەوە، کە بە ئەرکێکی میحوەری و سەرەکی نێو ئەرکەکان وەسف دەکرێت و وەک دەرکەوانێکی جددی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە بەرجەستە دەبێت.

-توێژینەوەی (د.زینە سعد نوشی و بیرق حسین جمعە) کە لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجامیان داوە لە کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی بەغدا، بەناونیشانی (**شبكات التواصل الاجتماعي عن الحقوق الفردية و التنوع الاجتماعي ـ الفيسبوك نموذجا**). ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی ڕۆڵی کۆمەڵگەی سۆشیال میدیایە بۆ ئازادی ڕادەربرین و ڕێزگرتنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە تایبەتمەندییەکانی یەکتری بەکارهێنەر و ئازادی ڕادەربڕین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە و توێژەران میتۆدی ڕوپێویان بەکارهێناوە.

## تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشو:

دوای خستنەڕوی (٤) توێژینەوە کە (١) توێژینەوە بە زمانی ئینگیزی و (٢) توێژینەوە بە زمانی کوردی بون و توێژینەوەیەک بە زمانی عەرەبی، توێژەر هەوڵیداوە لەم ڕوانە سودیان لێوەربگرێت:

– سودوەرگرتن لە میتۆد و تەوەری توێژینەوەکان و ناوەڕۆک و هەنگاوە ئەکادیمییەکان، ئاگاداربون لە شێوازی زانستی و ئاستی پێشکەوتویی و هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان.

– دۆزینەوەی سەرچاوەی پێویست بەم توێژینەوەیە، لەڕێگەی سەرچاوەکانی ئەو توێژینەوانە.

ـ گرنگترین خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی بریتین لە:

یەکەم: هەندێک لەو توێژینەوانە پشت دەبەستن بە یاساکانی وڵاتی خۆیان و باسیان لە فلتەر و سانسۆرکردن و چاودێریکردنی میدیا کردوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بەفلتەرکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی نییە، تەنها پرۆژە یاسایەک لە پەرلەمانی کوردستان لەژێر ناونیشانی پرۆژەی یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێککەوتی ٢٧ی تەمموزی ٢٠٢٠ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

دوەم: فاکتەری کات و شوێن کاریگەری لەسەر توێژینەوەکان هەبوە.

سێیەم: لەڕوی ئامانجەوە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکەی گەشاو عەلی فەرەج هەیە لە ڕوانگەی زەرورەتی گرتنەبەری هەندێ ڕێوشوێن بۆ چاودێریکردنی پەیامی میدیایی.
چوارەم: لەڕوی میتۆدەوە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشو جیاوازە، توێژینەوەکانی پێشو زیاتر فۆکەسیان خستۆتە سەر چاودێریکردنی ڕۆژنامە و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، بەڵام ئەو توێژینەوەیە لە کاریگەرییەکانی فلتەرکردنی میدیایی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەسەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستان دەکۆڵێتەوە.

## باسی دوەم: تیۆرنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: چەمک و پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social network sites):

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرەتای دەرکەوتنیان، لەلایەن شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن بەمشێوەیە پێناسەی کراوە کە "تۆڕێکی ئینتەرنێتی کۆمەڵایەتییە بۆ بەستنەوەی هاوڕێیان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەکانیانەوە لە شوێنێکی دیاریکراودا"، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی و دەرکەوتنی (smartphone) مۆبایلی زیرەک و کێبڕکێی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی لە نێو کۆمپانیاکان ئەو بوارە پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆرانکاری بەسەرداهاتوە، ئەگەر لەسەرەتادا هەندێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئامرازێکی سادە و ساکار لە دامەزراوەیەکی دیاریکراوی زانستی بەکاردەهات بەنمونە وەک زانکۆیەک یان پەیمانگایەک بۆ بەستنەوەی گروپێک لە قوتابیان یان فەرمانبەرکان یان مامۆستایان و بەمەبەستێکی دیاریکراو بەکاردەهات، بەڵام لە ئێستادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو جوگرافییە بەرتەسکەی تێپەڕاندوە، وەک ئامرازێکی فرەمەبەست بۆ کۆمەڵێک ئامانجی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی جیهان بەکاردێت (مەولود، ٢٠٢٠، صفحة ٣٤).
تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک لەناوەکەی (Social network) ئاماژە پێدراوە مەبەستی بنەڕەتی لێی گرێدان و بەستنەوەی خەڵکی ناسراوە بەیەکەوە لە نێو تۆڕێکی ئۆنلاینیدا، ئامانجی ئەم تۆڕە بەستنەوەی خەڵکە بەیەکەوە بۆ ئەوەی بەردەوام لەگەل یەکتر لە پەیوەندیدابن. (کاکەشێخ، ٢٠١٥، صفحة ٢٦).

### دوەم: پێناسەی میدیای کۆمەڵایەتی

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستەواژەیەکە بۆ کۆمەڵێک تۆڕ لەچوارچێوەی تۆڕی جیهانی ئینتەرنێتدا، لەگەڵ نەوەی دوەمی ئینتەرنێتدا دەرکەوتن (وێب ٢.٠)، ڕێگە بە کەسەکان دەدات لە کۆمەڵگەیەکی گریمانەیدا بەپێی ئارەزو و بایەخپێدانە هاوبەشەکانیان، پەیوەندی پێکەوەببەستن، هەمو ئەمە لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ یاخود ئاگاداربون لە کاروچالاکییەکانی یەکتر، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کارلێکێکی بەهێز و ئاسان لە نێوان بەشداربوانیدا دروستدەکات، چەندین تایبەتمەندی لەخۆگرتوە، وەک: (نامەناردن و گفتوگۆ، ڤیدیۆ، ئاڵوگۆڕی دۆسیەکان، گروپەکانی چات، هەڤپەیڤین، بلوگەرەکان و هتد). ئەم تۆڕانە ئاسانکارییەکی بەهێزی لە بواری

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستکردوە، لەسەرجەم بوارە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیری و ئایینی و ئابوری و زانستی و وەرزشییەکاندا، یارمەتی یەکتر بینینی ڕاستەوخۆ بەدەنگ و ڕەنگ و ئاڵوگۆڕی وێنە و زانیاری دەدات. (ریشاوی، ٢٠٢٠، صفحة ١٣٤) .

## سێیەم: پێناسەی فلتەرکردن

له هەر زمانێکدا بە شێوەیەکی جیاواز وشە و دەستەواژە بەرامبەر فلتەر بەکاردەهێنرێت. لە زمانی کوردیدا وشەی جیاکردنەوە و پاڵاوتن و لە زمانی عەرەبیدا وشەی (المصافي و الترشيح) و لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Refining,Filters) بەرامبەر بەکاردێت، لەبەرئەوەی (فلتەر ـ Filters) لە هەمو زاراوەکانی تر زیاتر بەکاردێت و ناوی خۆی لە ناو لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا گرتوە. (ئیسلام، ٢٠١٤، صفحة ٣٧)

## چوارەم: جۆرەکانی میدیای کۆمەڵایەتی

لێرەدا بەخشتە جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و جۆرەکانی ئەپڵیکەیشن چاتەکان کە لە خانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەژمار دەکرێن دەخەینەڕو، هەروەها لەگەڵ ساڵی دامەزراندنیان و ئەو وڵاتانەی خاوەندارێتییان دەکەن، دواتر بە تێروتەسەلی باس لە هەندێک تۆڕی کۆمەڵایەتی دەکەین کە تا ساڵی ٢٠٢١ کاریگەرترین تۆڕی کۆمەڵایەتی بونە لەسەر ئاستی جیهان و لە ڕوی ژمارەی بەکارهێنەرانیشەوە لە پێشەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانن.

**خشتەی (١) ناوی بەشێك لە وێب سایتە کۆمەڵایەتییەکان**

| ژ | ناوی وێب سایتە کۆمەڵایەتییەکان | ڕێککەوتی دامەزراندن | وڵاتی دامەزرێنەر |
|---|---|---|---|
| ١ | Facebook | مانگی ٢ی ٢٠٠٤ | ئەمریکا |
| ٢ | Twitter | مانگی ٣ی ٢٠٠٦ | ئەمریکا |
| ٣ | Instagram | مانگی١٠ی ٢٠١٠ | ئەمریکا |
| ٤ | YouTube | مانگی ٥ی ٢٠٠٥ | ئەمریکا |
| ٥ | TikTok | مانگی ٩ی ٢٠١٦ | چین |
| ٦ | Linkedin | مانگی١٢ی ٢٠٠٢ | ئەمریکا |
| ٧ | Google+ | مانگی ٦ی ٢٠١١ | ئەمریکا |
| ٨ | Snapchat | مانگی ٧ی ٢٠١١ | ئەمریکا |

خشتەی (٢) ناوی بەشێك لە ئەپڵیكەیشن چاتەكان

| ژ | ناوی ئەپڵیكەیشن چاتەكە | ڕێككەوتی دامەزراندن | وڵاتی دامەزرێنەر |
|---|---|---|---|
| ١ | Telegram | ٢٠١٣ | روسیا |
| ٢ | Viber | ٢٠١٤ | قوبرس |
| ٣ | WhatsApp | ٢٠٠٩ | ئەمریکا |
| ٤ | Skype | ٢٠٠٣ | لوکسمبۆرگ |
| ٥ | Messenger | ٢٠١١ | ئەمریکی |
| ٦ | WeChat | ٢٠١١ | چین |

هەریەک لە (Facebook, twitter, Instagram, YouTube) زۆرترین بەکارهێنەر و زۆرترین کاریگەرییان لەسەر ئاستی جیهان هەیە، بۆیە بەتێرو تەسەلی باسی ئەم چوار تۆڕەی کۆمەڵایەتی دەکەین، کە لەڕوی مێژوی دامەزراندنیان و ژمارەی بەکارهێنەرانیان کاریگەری گەورەیان لەسەر ئاستی جیهان دروستکردوە و نوێترین ئاماری بەکارهێنەرانیان دەخەینەڕو، جۆرەکانی میدیای کۆمەڵایەتی بریتین لە: (Facebook، LinkedIn، YouTube، Twitter، Bebo، Tumbler، MySpace ، Instagram ،Google، Pinterest ،Flickr، Tik Tok ،Snapchat)

## ١. فەیسبوک (Facebook)

فەیسبوک وێبسایتێکی بە یەکگەیشتنی کۆمەڵایەتییە، دەتوانێت بەخۆڕایی تێیدا بەشداری بکرێت و لەلایەن کۆمپانیای فەیسبوک وەک خاوەنداریەتی تایبەتی بەڕێوەدەبردرێت. بەکارهێنەران دەتوانن بەکارهێنەریتر زیادبکەن بۆ لیستی هاوڕییەتی خۆیان، هەروەها دەتوانن نامەی تایبەتی بۆ یەکتری بنێرن، ئەوە لەیادنەکەین کە دەتوانرێت پەڕەی زانیارییە کەسییەکان (پرۆفایل) نوێ بکەنەوە و هاورێی نوێ لەڕێگەی فەیسبوکەوە بناسن. (الرعود ٢٠١٢، ٤٣)

تۆڕی کۆمەڵایەتی کۆمپانیای فەیسبوک ژمارەیەک بنەمای ستانداردی هەیە، کە بۆ کۆمەڵگە پەیڕەودەکات، ئەم بنەمایانە بریتین لە: (facebook, 2020)

یەکەم: توندوتیژی و هەڵسوکەوتی تاوانکارانە: کە ئەویش بریتییە لە (توندوتیژی و هاندان، تاکەکان و ڕێکخراوە مەترسیدارەکان، هەماهەنگی زیان و پروپاگەندەی تاوان و کاڵا ڕێکخراوەکان)

دوەم: ئاسایش: کە ئەم بریتییە لە (خۆکوشتن و لەخۆدان، وەبەرهێنانی سێکسی و زیادەڕەوی و ڕوتی منداڵ، کەڵک وەرگرتنی جنسی لە گەورەکان، زۆرداری و ئازار و ئەزییەت، کەڵک وەرگرتنی مرۆیی، پێشێلکردنی سنوری تایبەتی و مافی سنوری تایبەتی وێنەگرتن).

سێیەم: بابەتە ڕەخنەییەکان: کە ئەوەیان بریتییە لە (گوتە نەفرەتییەکان، ناوەرۆکی توند و گرافیکی، ڕوتی گەورەکان و چالاکی جنسی، داخوازی سێکسی و بێبەزییانە و بێ هەست).

چوارەم: یەکپارچەیی و ڕەسەنایەتی: بریتییە لە (دەربڕینی ناڕاست، بەریدی عەشوایی، ئاسایشی سایبری، ڕەفتاری نارەسەن، هەواڵی فەیک، میدیای دەستکاری کراو و یادوەوەری (بیرخەرەوە)).

پێنجەم: ڕێزگرتن لە خاوەندارێتی مەعنەوی.

شەشەم: داخوازی تایبەت بە ناوەڕۆک: ئەمانە لەخۆدەگرێت (داخوازییەکانی بەکاربەر و پارێزگاری زیاتر لە منداڵان).

## تایبەتمەندی میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک

تایبەتمەندی پێناسەیەکی گشتگیری نییە، چونکە تایبەتمەندی کەسەکان پێناسەی جیاوازی بۆ دەکرێت و جیاوازی ڕۆشنبیری و کەلتوری کۆمەڵگاکان کاریگەریان لەسەر تایبەتمەندی کەسەکان هەیە. بۆیە یاساکانیش بەپێی تایبەتمەندی کۆمەڵگاکان دانراون و لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. بەشێک لە شارەزایانی یاسا بەم شێوە پێناسەی تایبەتمەندی دەکەن، کە (هەر مرۆڤێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەت بە ژیانی کەسی خۆی هەیە و بەپێی یاسا ئەم تایبەتمەندیانە دەپارێزرێن). دادگای باڵای ئەمریکا دەستەواژەی تایبەتمەندی بەم شێوە پێناسە کردوە، کە (هەر مرۆڤێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە و مافی خۆیەتی ڕێگانەدات هیچ کەسێک ئەم تایبەتمەندیانەی بزانێت، جا ئەو تایبەتمەندیانەی پەیوەندی بەخێزانەکەی هەبێ یان بەخودی کەسەکان خۆیانەوە)، دەست تێوەردانیش بۆ تایبەتمەندی کەسەکان ئەگەر لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە بێت، ئەوکات یاسا مافی داوە بەو کەسەی کە تایبەتمەندی پێشێلکراوە بەرگری لە مافی خۆی بکات بەڕێگای یاسا و دادگاکان تا مافەکەی بەدەست دەهێنێتەوە. (الشمري، ٢٠١٦، صفحة ٩)

## جۆرەکانی تایبەتمەندی کەسی (خصوصية الفرد) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، لێرەدا ئاماژە بەبەشێک لەو تایبەتمەندییانە دەکەین:-

١. **دیواری کەسی**: دیوار نوسین بە دیوە سیاسییەکەیدا کردەیەکە، کە چالاکییەکی سیاسی نەیاری ڕژێمی دەسەڵاتدار بۆ بانگەشە و هەڵوێست نواندن یا دژایەتیکردنی نەیارەکانی حزب بەکاردەهێنرێت. هەندێک لە نوسەر و ڕوناکبیران پێیانوابو ئەوێ سەکۆیەکی ڕۆشنبیرییە کە دەتوانن کاریگەریان لەسەر خوێنەر هەبێت، لەپاڵ ئەمانەدا کاراترین کەس یان لایەن کە واڵەکانی داگیرکردوە، کۆمپانیاکانی ڕیکلام و بازاڕن، هەروەها پیاوانی ئایینی ئەوێ وەک پەرستگەیەکی دیجیتاڵی بەکاردەهێنن، تا ئامۆژگاری و پەیامەکانیان بەردەوام شێربکەن، هەندێکجار لە واڵی کەسێکدا زۆر شتی سادە دەبینرێت، وەک بەیانی باش هاوڕێیان، گۆرانییەک بۆ هەواداران، وتەی ناودارێک ... هتد. (کاکەشێخ، ٢٠١٥)

٢. **وێنە** و **ڤیدیۆ**: لێرەدا ڕووبەرێکی فراوان بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ بۆ بەکارهێنەران دانراوە، کە لە هەر کاتێک هەر وێنەیەک خواستی لەسەر بو، بەبێ پابەندبون بەکات و ڕووبەر و قەبارە دەتوانێت بڵاویان بکاتەوە. (محمد، ٢٠١٩، صفحة ٤٣)

٣. **بەشدارپێکردنی هاوڕێیان** Tag Friends: بریتییە لە بەشدارپێکردن لە دیواری کەسی هاوڕێیانت بە تێکست، نوسین، وێنە و ڤیدیۆ کە بڵاوی دەکەیتەوە. (عبدالرحمان، ٢٠١٧، صفحة ٣٩)

٤. **یاریکردن لەگەڵ هاوڕێیان** Play with Friends: بەکارهێنەر هەر کاتێک بخوازێ دەتوانێ ئەو یارییە دەستنیشانبکات، کە ئارەزوی دەکات لەگەڵ هاوڕێیەکانی ئەنجامی بدات. (اللة، ٢٠١٢، صفحة ١٤)

٥. دیاریکردنی **شوێن** Check in: بریتییە لەو خزمەتگوزارییەی کە بە هۆیەوە دەرفەت بۆ بەکارهێنەر دەرەخسێنێت، کە شوێن و ساتەوەختی شوێنی چالاکییەکەی بڵاوبکاتەوە، زۆرجار لە کاتی مانەوە لە هۆتێل، گەشتکردن بەفرۆکە، کۆڕ و کۆنفرانسەکان، چێشتخانەکان بەکاردێت. (شوانی، ٢٠٢٠، صفحة ٨٠))

٦. **دیاری** Gifts: بەهۆی ئەم خزمەتگوزارییەوە هەمو بەکارهێنەرێک دەتوانێت بۆ دەربڕینی خۆشەویستی، سوپاس و پێزانین، نیگەرانی و دڵتەنگی بەکاریانبهێنێت. (محمد، ٢٠١٩، صفحة ٤٥)

٧. **بەدڵبون** Like: لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک کلیک لەسەر دوگمەی لایک دەکەیت، شەش بژاردە لە هێما دەخاتە بەردەستی بەکارهێنەر، بۆئەوەی گوزارشت لەبابەتی بڵاوکراوە بکات کە بریتین لە (پێخۆشبون، بە دڵمە، پێکەنین، سەرسامی، غەمباری و دڵتەنگی). (عبدالرحمان، ٢٠١٧، صفحة ٣٩)

٨. **کۆمێنت** Comment: لێرەدا ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدرێت نوسین لەسەر بابەتێک، وێنەیەک، ڤیدیۆیەک یان هەر شتێکی بڵاوکراوە بنوسێت، کە ئەوە زۆرجار مشتومڕ دروستدەکات. (عبدالرحمان، ٢٠١٧، صفحة ٣٩)

٩. **هاوبەشیکردن** Share: ئەمەشیان بریتییە لە هاوبەشیکردنی بابەت، فۆتۆ، ڤیدیۆ و تێکست هاوڕێیەکت یان لە یەکێک لە پێگەکان بڵاوکراوەتەوە و پێویست ناکات بگەڕێتەوە بۆ دیوارەکەت، بەڵکو بە کلیککردن لە دوگمەی Share هاوبەشی لەبڵاوکردنەوەی دەکەیت. (ئەردەلانی، ٢٠١١، صفحة ١٢٥)

١٠. نامە Messages: لەڕێگەی ئەم خزمەتگوزارییەوە دەرفەت بۆ بەکارهێنەرانی فەیسبوک ڕەخساوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ وەک ڕەوانەکردنی دەنگ و ڤیدیۆ و فۆتۆ و نوسین، گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەن. (ئەردەلانی، ٢٠١١، صفحة ١٣٤،١٣٥)

١١. **گروپ** Group: گروپەکان تایبەتمەندییەکی بەناوبانگن، کە ڕێگە بە ئەنجامدانی کۆڕبەندی گفتوگۆ لەسەر بەرژەوەندی و چالاکییە هاوبەشەکان دەدات، ئەوە بەهۆی توانای لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و بڵاوکردنەوەی نامە، ڤیدیۆ، فۆتۆ، دەنگ بە ئاسانی، ڕێکخراوە هەمەچەشنە کۆمەڵایەتی، سیاسیی، ئابوری، تەندروستی، زانستی و هتد گروپی تایبەت لە فەیسبوک دروستدەکەن. (دلان،٢٠٢٠)

١٢. کێ **ببینێ** News Feed: لێرەدا لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەر بابەت و زانیاری و هەواڵ و فۆتۆ و ڤیدیۆیەک بەکارهێنەر دەتوانێت ئەو کەسانە دەستنیشان بکات کە دەیبینێت. بۆ نمونە تەنها هاوڕێیەکانی یان هەمو کەسێک یاخود تەنها چەند کەسێک لە هاوڕێیەکانی، یان تەنها خۆی ببینێت. (بدوي، ٢٠١٤، صفحة ٢٢٠)

١٣. **تێبینیەکان** Notification: لێرەدا هەر کەسێک کۆمێنت لەسەر هەواڵێکت، یان لەسەر شتێک کە بڵاوتکردۆتەوە بدات، فەیسبوک ئاگاداریەکت لەوبارەیەوە بۆ ڕەوانەدەکات، ئەگەر کۆمێنتت لەسەر هەواڵی یەکێک لە هاوڕێیەکانت دابێت، فەیسبوک لە هەمو ئەو کۆمێنتانەی دوای گفتوگۆکان ئاگادارت دەکاتەوە. ئەم بە دواداچون بۆ ئەو گفتوگۆیانە ئاسانتر دەکات و لە هەمو گفتوگۆکان بەئاگادەبێت. (بدوي، ٢٠١٤، صفحة ٢٢٠)

١٤. **پۆککردن** Poke : هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا بکەی کە پێشتر نەتناسیوە، لە نێوان هاوڕێیانیشدا وەکو هۆکارێکی بە ئاگاهێنانەوە بەکار دەبرێت بە شێوەیەک کە بەکارهێنەر ئەو تایبەتمەندییە بۆ هاوڕێیەکی بەکار دێنێت و ئەویش بە پۆک وەڵامی دەداتەوە. (مەحمود، میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، ٢٠١٥، صفحة ٥٧)

## زمانی دژوار و بابەتە سێکسی و لادانە کۆمەڵایەتییەکان و بەسیاسیبونی پەیج و ئەکاونتەکان

سۆشیال میدیا تاڕادەیەک کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر خودی ڕۆژنامەنوسان، بەوەی کە زۆرێکیان سنورەکانی ڕۆژنامەنوسییان بەزاندوە و چونەتە سنوری ئەوەی پێی دەوترێت هاوولاتی ڕۆژنامەنوس (سیتیزن جۆرنالیست) ئەمە وا دەکات ڕۆژنامەنوس گوێ بەهەندێک پێودانگ و بنەمای پیشەیی نەدا. بۆ نمونە لە ڕۆژنامەنوسی پیشەییدا بنەمایەکی سەرەکی هەیە کە هیچ هەواڵێک ئەگەر سەرچاوەی ئاگادار و فەرمی و پەیوەندار پشتراستی نەکەنەوە، بڵاوناکرێتەوە، بەڵام ئەمرۆ ڕۆژنامەنوس خێراتر لە هاوولاتییە ئاساییەکە هەرچی بیستبێت بێ بەدواداچون بڵاویدەکاتەوە ئەوە لەسەرەتایترین دەرئەنجامدا خەڵک متمانە بە دەزگا میدیاییەکان لە دەست دەدات. ئەمە ئەگەر بابەتەکە زانیاری بێت بەڵام ئەمرۆ بەشێک لە ڕۆژنامەنوسان کێبرکێیانە لەسەر پێشکەشکردنی بیروڕا و شرۆڤە و لێکدانەوەی کەسی کورتمەودا و کاڵوکرچ بۆ ڕوداوەکان کە جگە لە دروستکردنی ژاوەژاو و تێکدانی میزاجی گشتی هیچ شتێکی دیکە بەرجەستەناکات. بڵاوبونەوەی خێرای سۆشیال میدیا بزاڤی ڕۆژنامەگەری هێناوەتە سەر خەرەندێکی ترسناک و فەوزایەکی گەورەی دروست کردوە و هەر کەسە و هەڵدەستێ دیجیتاڵ میدیا و سۆشیاڵ میدیایەک قوتدەکاتەوە و جگە لە کاری ڕوکەشی ڕۆژنامەنوسی هیچ شتێکی جددی دیکەی تێدا بەدیناکرێ بەراستی ئەمە پێچەوانەی ئەو بنەمایەیە کە ڕۆژنامەنوسیان ناونابو (المهنه المتاعب). لە سەدەی بیستەمدا و لەسەردەمی تەکنۆلۆجیا و خێرایی لە ڕوداوەکاندا، زۆرێک لە خەڵک لە دیدی جیاوازو تێروانینی خۆیان بۆ بابەت و ڕوداوەکانی ڕۆژ لە سۆشیال میدیا دەنوسن و شرۆڤەی ڕوداوەکان دەکەن و ناوی لێدەنێن ڕۆژنامەنوسی. (محەمەد ژ.، لە نێوان رۆژنامەنووس و هاوڵاتی رۆژنامەنووسدا، ٢٠٢١)

### ١. زمانی دژوار لە میدیای کۆمەڵایەتی کوردیدا:

هەردەوان مەحمود مامۆستا لەبەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ توێژەر دەڵێت: زمانی دژوارلە لای بەکارهێنەری کورد لە ئاستێکی زۆر زۆر خراپ و مەترسیداردایە و

هەرچی زۆترە پێویستی بەوە هەیە کە ئەم جۆرە زمانە دوبارە پێداچونەوەی پێدا بکرێتەوە. هەوڵ بدرێت بەجۆرێک لە جۆرەکان لەڕێگای فلتەرکردنەوە بێت یاخود لە ڕێگای بڵاوکردنەوە ئاگایی و هۆشیارییەوە بێت ئەمجۆرە زمانە بکرێت بەزمانێکی ئاسایی و زمانی گفتوگۆکردن، چونکە ئەوەی ئێستا هەستپێکراوە لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەکارهێنانی ئەم زمانە دژوارە وای لێهاتوە کە هەمو سنورەکانی پرایڤسی و تایبەتمەندی تاکەکانی تێپەڕاندوە، سوکایەتی بە زۆرێک لە کەسایەتییە گشتی و کەسایەتییە تایبەتییەکان دەکرێت. سوکایەتی بەزۆرێک لە سنبول و ڕەمزەکان دەکرێت، بۆیە دەتوانم بڵێم ئێستا لە ئاستێکی زۆر خراپدایە و ئەگەر بێت و ئەم ڕەوشە هەوڵی ڕێگەچارەی گونجاو و توێژینەوەی جددی لەبارەوە نەکرێت و بڕیاری دروستی لەبارەیەوە نەدرێت بە دۆخێک دەگەین، کە ئیتر ڕەنگە چیتر چارەسەرکردن و کۆنترۆڵ کردنی زۆر ئەستەم بێت. (مەحمود، زمانی دژوار لە میدیای کۆمەڵایەتی کوردی، ٢٠٢١)

## ٢. دروستکردنی پەیج و ئەکاونتی ساختە لە میدیای کۆمەڵایەتی کوردی:.

خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا یان دروستکردنی سۆشیاڵ میدیای ساختە یان ڕێگاپێنەدراو (پەیج و ئەکاونتی فەیک) بەمەترسیترین هەڕەشە و کوشندەترین ڤایرۆسی سەدەی ٢١ هەژمار دەکرێن، لەگەڵ ئەوەی هەریەکەیان سودێکی تایبەتی خۆی هەیە، لەهەمان کاتدا چەندین کرداری مەترسیدار و تاوانی ئەلیکترۆنی زۆری پێ ئەنجام دەدرێت، لەوانە بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵی ناڕاست، بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسانی دیکە بەبێ ڕەزامەندی خودی کەسەکە، بازرگانی کردن بەبابەت نایاساییەکان و کەرەستە ڕێگا پێنەدراوەکان یان بەکارهێنانی زانیاری و داتای بەکارهێنەران بۆ مەبەستی جۆراوجۆر.

کارزان ئەمیر غەفوری بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی ٢٤ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ ئامار و داتای تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێتی خستەڕو. بەگوێرەی داتاکان لەساڵی ٢٠٢٠ ژمارەی ئەو تاوانانەی کە بەو هۆیەوە ڕوبەڕوی دەزگاکانی پۆلیس لە کوردستان بۆتەوە ژمارەیان ١٦٤٦ کێشە بوە. هاوکات ئەوەی ڕاگەیاند، کە لە ساڵی ٢٠١٩ ژمارەی کەیسەکان ١٦٩٨ تاوان بوە. هاوکات جەختیشی لەوە کردەوە، کە ئامارەکان، بەراورد بە ساڵی رابردو تاوانەکان کەمی کردوە. (کوردستان٢٤، ٢٠٢٠)

## ٤. لادانە کۆمەڵایەتییەکان لە میدیای کۆمەڵایەتی کوردی

بازاڕگەریی پارتیزانی؛ وەها ناسراوە کە تاڕادەیەک کەم تێچونە و فۆکەسەکەی زۆرتر لەسەر ماوەی گەیشتنە وەک لەدوبارەکردنەوەی. جا بۆئەوەی هەڵمەتی پارتیزانیی سەرکەوتوبێت؛ کۆمپانیاکان پێویستییان بەخەرجکردنی ڕێژەیەکی گەورە نییە، بەڵکو تەنیا پێویستیان بە خەیاڵ(imagination) و وزە و کات هەیە. ئەمە ئەگەرێکە کە زیاتر بۆ کۆمپانیا بچوکەکان کارا دەبێت، بەتایبەت کاتێک کێبرکێ لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکاندا دەکەن. هەر بۆیە ئەو پەیامە ڕیکلامییە کە بۆ بەکارهێنەران دیزایین دەکرێت، دەبێت زۆر ڕون و پوخت بێت، چونکە

ئەمجۆرە بازاڕگەرییە بەهەمانشێوە کار لەسەر مێشکی نەستەکی (unconscious mind)ی بەکارهێنەران دەکات کە هەر ئەویشە زۆرتر بڕیار لەسەر کڕینی شتەکان دەدات. هاوکات بۆئەوەی داواکاریی مانەوەی بەرهەمەکە یان خزمەتگوزارییەکە لەنەستی بەکارهێنەراندا دوبارەببێتەوە، دەبێت واتەوات یاخود ژاوەژاوێک بەدەوری بەرهەمەکەدا دروستبکرێت و بەنێو هاوڕێکاندا بڵاوبکرێتەوە، بەوە ڕیکلامەکە و پەیامەکەی دوبارە دەبێتەوە(Bourn 2009).

لەمبارەیەوە دکتۆر شوان ئادەم ئەیڤەس لە وتارێکدا کە لە ماڵپەری خەندان بڵاوکراوەتەوە دەڵێت: بەسەرنجدان لەو تایبەتمەندییانە؛ ئێستا میدیای پارتییزانیی کوردیی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیجە ساختەکانییەوە خۆی نمایش دەکات و گوتاری میدیایی لەسەر وروژاندنی سێکوچکەی تابۆکراوی سێکس و سیاسەت و ئایین دادەڕێژێت. ئەمە لەڕێی کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی لایک و کۆمێنت و شەیرکردنی ڤیدۆی پارچەکراوی بەرنامەکان و زانیاری ساختە و ناتەواوی هەواڵەکان؛ بۆ بەخشینی زانیاریی ورد و شرۆڤەکردنی زانستیی نا، بەڵکو بۆ ڕشتنی تۆوی ڕق و کینە، تۆخکردنەوەی هەستی ڕەگەزپەرستی، برەودان بەجیاکاریی جێندەری و نەتەوەیی و...هتد بەدەربڕینێکی دیکە، ئەگەر تا دوێنێ پارتیزانی و چالاکییەکانی دژ بەدوژمنی نەتەوەیی و ڕژێمی سەردەست و داگیرکار وەک جۆرێک لەخەباتی نهێنیی و بەرخودانی نەتەوەیی ئەنجامدرابێت و جۆرە پاڵەوانێکی مەیدانیی بەرهەمهێنابێت، ئێستا پارتییزانەکانی ناو میدیای کوردیی لەدنیای گریمانەیی ئینتەرنێتدا و بەشێوەیەکی وەهمی هاوزمانەکانی خۆیان دەکەنە ئامانج و لەڕێی کۆلاژ و مۆنتاژی وێنە و دیمەنی ڤیدیۆیی و چیرۆکی خەیاڵییەوە، درێژە بەجۆرێکی شەرمهێنەری نایاسایی؛ چالاکی پارتییزانیی دەدەن! (ئەیڤەس، ٢٠٢١).

## ٥. بەسیاسیبونی پەیج و ئەکاونتەکان:

سەبارەت بە بەسیاسیبونی پەیج و ئەکاونتەکان دانیر قەرەداغی لە وتارێکدا کە لە سایتی ڕۆژنیوز بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: دەربارەی کاریگەریی میدیا بەسەر بڕیاری سیاسییەوە کە بەشێک لەبڕیاری سیاسی، لە فەزای گشتیدا دەنگۆ دروستدەکات، ئێستا دەسەڵات لەڕێگەی میدیا و بە لێدوانێک کاردانەوەی شەقام یان ڕای گشتیان بۆ دەردەکەوێت لەسەر هەر بڕیارێک بیانەوێت بیدەن، بڕیاربەدەست دەتوانێت لەڕێگای سۆشیال میدیاوە بزانێت ئەو پڕۆژەیە تاچەند لای خەڵک پەسەندە، پێشتر ئەمە نەبوە، سۆشیال میدیا ئێستا هاتوە دیارییەکی بەخەڵک و بەحکومەت بەخشیوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەباشی بەکارییبهێنن، دەبوایە خەڵک جاران بچوایەتە شوێنێکی گشتیەوە بۆ ئەوەی قسەو باسی بکردایە، بەڵام ئێستا لە فەیسبوک، ئەو قسانە دەکرێت، لەدەرەوەش هەمان کاریگەری دەبێت. بەهۆی زۆربونی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر کۆی بابەتەکانی کۆمەڵگە فراوانتر بوە، ئەمەش وایکردوە، کە کاریگەریی لەسەر بڕیارە سیاسیەکان هەبێت کە لە هەرێمی کوردستان و جیهان دەردەچن، سۆشیال مێدیا کاریگەریی زۆری لەسەر بڕیاربەدەستە سیاسییەکانەوە هەیە، ڕەنگە ئەو کاریگەرییە سلبی بێت، بەتایبەت ئەندام پەرلەمانەکان، زۆربەی کات لەترسی هێرشی "فەیسبوک"، یان لەترسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ناتوانن بڕیاربدەن و بڕیارەکانیان وەکو پێویست نین، یان ڕەنگە بەشێک لەو

فشارانەی لە فەیسبوک یان هەر تۆڕێکی دیکەی کۆمەڵایەتی دروست دەبن ڕای گشتی ڕاستەقینە نەبێت، بەڵکو کەسێکی خاوەن پارە بێت و سپۆنسەری بابەتەکانی بکات لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و بابەتەکانی بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبێتەوە. (قەرەداغی، ٢٠١٨)

## باسی سێیەم: جۆرەکانی فلتەرکردن

جۆرەکانی فلتەرکردنی بابەتە میدیاییەکان بریتین لە:

یەکەم: ژورەکانی هەواڵ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

ژوری هەواڵ کۆکەرەوەی تەواوی ئەو بەرهەم و درافتی (هەوالانەیە) کە لەڕێگەی ڕۆژنامەنوسانەوە لە کون و کەلەبەرەکانی جیهانەوە دەنێردرێن. لەم نێوندەدا بەرپرسی ژوری هەواڵ نەخشەڕێگای کارکردن دادەنێت و دەبێتە فلتەرێکی بەهێز بۆ دەستکەوتن و بەڕێکردنی جۆر و شێواز و کاتی (هەواڵەکان)، بەڵام نابێت ببێتە سانسۆر بۆ سەر ناوەڕۆکی هەواڵەکان و بەلارێبردندا. (جەلال، ٢٠٢٠)

### دوەم: ڕۆژنامەنوسان

بۆبون بە ڕۆژنامەنوسێکی پرۆفیشناڵ پێویستە ڕۆژنامەنوس پابەندبێت بە ئیتیک و یاسا و ڕێساکانی میدیا و ئەرکەکانی میدیا پەیڕەوبکات و پرنسیب و دیسپلینەکانی ڕاگەیاندن بپارێزێت و لایەنی کەم بە ناوەندێکی میدیاییدا تێپەڕێت، بۆ بون بەڕۆژنامەنوسێکی سەرکەوتو. پێویستە چەند بنەمایەک هەبێت تا وەکو ڕۆژنامەنوسان بتوانن ببن بە فلتەرێکی ئەکادیمی پرۆفیشناڵی دروست و ڕاوی ئەو زانیاریانە بکەن، کەوا کۆمەڵگە پێویستیەتی و ئەو زانیاری و بابەتانە ڕوماڵ نەکەن، کە دەبنە ئەزییەت و ئازار بۆ خەڵک. (پۆتەر، ٢٠٠٧، صفحة ١٨،٢٤)

### سێیەم: یاسا و ڕێساکانی میدیا و سیستەمی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی وڵات

یاسا و ڕێساکان لەهەمو دنیا بەشێکن لەدیاریکردنی سنوردانان، بۆ جوڵە و ڕەفتاری مرۆڤەکان و هەروەها ئامێرەکانی بەکارهێنانی پەیوەندیکردن و ئامرازەکانی تەکنۆلۆژی. یاساکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕێکخستن و پاراستنی زانیارییە کەسی و گشتییەکانە و هەروەها بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و ئامرازەکانی گەیاندنە. لە ئاکامی گەشەی خێرای میدیا لە دونیادا، یاسا و ڕێسای نوێ دروست دەبن و ڕێوشوێنی نوێ بۆ جێبەجێکردنیان دێتەدی. هەروەها لە ئاکامی ئەو گەشە میدیا بەرفراوان و گەورەیەدا کە لەسەردەمی جیهانگیری و کرانەوەدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبێت، بۆیە ڕێوشوێن و یاسا و ڕێسا کۆنەکان، بەردەوام هەمواردەکرێن و لەگەڵ ئامرازە تازەکانی گەیاندن و پەیوەندیدکردندا دەگونجێندرێن تا وەکو نەهێڵدرێت، میدیا نەخۆی و نەوەرگرانی توشی زەرەرمەندی و کاردانەوەی نادروست بکات. (جەلال، ٢٠٢٠)

## چوارەم: فلتەرە تەکنییەکانی میدیا

بۆ هەر کەناڵێکی میدیایی لە وڵاتە پێشکەوتوەکان فلتەری جیاواز و جۆراوجۆر هەیە، بۆ نمونە لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا تەنها بۆ سایتە ئەلیکترۆنییەکان و سۆشیاڵ میدیا چەندین جۆری فلتەرکردن هەیە لەوانە: ( Click Safe, BESS, America Online Parental Controls, I- Gear ,Family Click ,SYBER sitter, Syber Sentinel, Syber patrol Norton Internet, Net Shepherd, Net Nanny, Internet Guard Dog We-, Surf Watch, Smart Filter, Safe Server, Security X- Stop, Web SENSE ,Blocker)

هەمو ئەو فلتەرانە هەریەکە چەندین ئەرک دەبینێت لەفلتەرکردنی ئەو بابەتانەی کەوا لەلایەن یاساوە ڕێگەپێدراونین، هەر لەبواری بەکارهێنانی دەرمانە بێهۆشکەرەکان و خواردنەوە ئەلکحولییەکان و هاوڕەگەزبازی و بابەتەکانی سێکس و توندوتیژی و زمانی دژوار و مافەکانی لەبەرگرتنەوە ((copy right وشێوازەکانی هاوسەرگیری .. هتد، کەوا لە ڕێگەی ئەو فلتەرانەوە دەتوانرێت سیکیوریتی تەکنیکی بۆ خەڵک و میدیا و ڕۆژنامەنوسان دابندرێت و ڕێگا لە بابەتی نادروست بگیرێت.

هەروەها چەندین جۆری تری فلتەرکردنی تەکنیکی هەیە، بۆ نمونە هەندێ جۆری فلتەرکردن تایبەتە بە سایتە ئەلیکترۆنییەکان، کە بۆ پاریزگاریکردن لەماڵەکانیان و خێزانەکانیان لە وڵاتانی پێشکەوتو بەکاردەهێندرێن وەکو: Family Syber, K9Web Protection, Syber Patrol Parental, Parental Control Bar, Anti Porn, ) .Alert Control)

ئەو ڕێگایانەی کە پرۆسەی فلتەرکردنی پێدا ئەنجام دەدرێت بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

١. فلتەرکردن لە ڕێگای (DNS): فیلتەرینگ لە ڕێگای DNS لە ڕێگای IP ئادریس ئەنجام دەدرێت.

٢. فلتەرکردن لە ڕێگای پرۆکسی (ISP): پرۆکسی: ئەم فیلتەرینگە لە ڕێگای سەرچاوەی سەرەکی وڵات یان هەریمەکان دەکرێت. ئەم سیستەمە ڕاستەوخۆ لە نێوان بەکارهێنەر و کۆمپانیای دابینکردنی ئەنتەرنێت ڕودەدات و بۆ لایەنی ئەمنی بەکاردێت. کۆمپانیاکە چەند ئادرەسێک بەشێوەی ISP پێدەدات بۆ ئەوەی بتوانی لە فلتەرینگ ڕزگارت بێت.

٣. فلتەرکردن لەڕێگای دەروازە (Gateway): ئەم سیستەمە بە شێوەیەک ڕێکدەخرێت کە قەرەباڵغی تۆڕەکەت بۆ ڕێرەوێکی تایبەت دەبات، لەم حاڵەتەشدا سەرجەم داواکارییەکان بەم سیستەمەدا تێپەڕدەبێت و لە ئەگەری بونی هەر وێبسایتێکی ڕێگەپێنەدراو دادەخرێت.

٤. فلتەرکردن لەڕێگای پۆرتاڵ: پۆرتاڵەکان لە تۆڕدا وەک دەرگایەک وان، کە سێرڤەر لەڕێگایانەوە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، لە ڕاستیدا شوێنی تێپەربونی یان ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانە، بەم پێیە ئەگەر پۆرتاڵێک بلوک یان دابخرێت، سەرجەم ئەو زانیارییانە دادەخرێت، کە لە ڕێگای ئەم پۆرتاڵەوە دەخرێتەڕو.

٥. فلتەرکردنی پێچەوانە: جۆرێکی دیکەیە لە فلتەرینگ کە لە سەرچاوەیەکەوە دەکرێت، بەم پێیە لە داوای داواکاری ئادرەسێک ڕاستەوخۆ دادەخرێت. ئەو کۆمپانیایەی کە ئەو خزمەتگوزارییانە دەدات بەوڵاتان سەیری IP ئادرەسی وڵاتان دەکات، ئەگەر لە لیستی ڕەشدا بن لەسەریان دادەخات.

٦. فلتەرکردنی زیرەک: هەر وەک لە ناوەکەی دیارە، ئەگەر نوسراو یان وێنەیەکی نەشیاو لە وێبسایتەکە هەبو، ئەوا بەتەواوی فلتەرینگ دەکرێت. (Digital, 2020)

## دووەم: فلتەرکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

خەڵک لە ڕێگای پەیجی خۆی و ئەکاونتی تایبەتی خۆیەوە زۆر شت بڵاودەکاتەوە، ڕاستە ئەو شتانەی زۆر بڵاودەکرێنەوە دەچێتە چوارچێوەی ناوزڕاندن، سوکایەتی و جنێودان، یان بۆ نمونە کاری نایاسایی یان هاندانی توندوتیژی و تیرۆر و تۆقاندن و زۆر شتی تر، بەڵام فەیسبوک بۆخۆی جیهانێکی تایبەتە، کە ئێستا ئەو ئازادییەی بۆ خۆی و تاکەکانی کۆمەڵگە ڕەخساندوە کە ئەو ئازادییەیان هەبێت و دواجار ئەوەی جێهێشتوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، کە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و دواجار ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لە وڵاتە جیاوازەکان هەیە بۆ چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ئەو بابەتە، بە دڵنیاییەوە فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک کاریگەری زۆری لەسەر بەکارهێنەر دەبێت و ئەو کاتە بەکارهێنەر، ئەگەر فلتەرکردنێکی ئەرێنی بێت، زۆر کێشەی نابێت، بەڵام ئەگەر فلتەرکردنێکی نەرێنی بێت بەو واتایەی کە هەر شتێک دەسەڵات نەیەوێت یان بەرپرسان یان لایەنە پەیوەندیدارەکان نەیانەوێت لە فەیسبوک بڵاونەبێتەوە، کە زۆرجار لە وڵاتە دەسەڵاتدارە تۆلیتار و داخراوەکاندا ئەوە دەکرێت بەناوی فلتەرکردن، ئەمە بابەتێکی نەخوازراوە و دەبێتە ڕێگریکردن لە ئازادی ڕادەربرین. (حەمەغەریب، ٢٠٢١)

## لایەنە ئەرێنییەکانی فلتەرکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

١. ڕێگریکردن لە زیادبونی فەسادی ئەخلاقی لە کۆمەڵگەدا.
٢. پارێزگاریکردن لە بیروباوەری ئایینی کۆمەڵگە.
٣. ڕێگریکردن لە فرتوفێڵی ئینتەرنێتی، بۆ ئەوەی بەکاربەران زیانیان پێنەگات.
٤. پارێزگاریکردن لە ناوزڕاندنی میدیایی.
٥. ڕێگریکردن لە پەرەپێدانی زانیاری هەڵە و دوژمنکاریانە. (Digital, 2020)

## لایەنە نەرێنییەکانی فلتەرکردن لە تۆڕە کۆمەلایەتیەکان:

١. کاریگەری لەسەر خاوبونەوەی ئینتەرنێت هەیە.
٢. دروستکردنی بەربەست لە بەردەم دەست گەیشتن بەزانیاری و تەکنۆلۆژیا.
٣. ناوزڕاندنی ڕوخساری ئەو وڵاتە لە جیهاندا.
٤. داخرانی هەندێ وێبسایتی زانستی و پزیشکی.
٥. تێچویەکی زۆر لەسەر حکومەت دەوستێت. (Digital, 2020)

# بەشی سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

## میتۆدی توێژینەوەکە:

مەبەست لە میتۆدی توێژینەوە دیاریکردنی ئەو ڕێبازەیە کە توێژەر بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی توێژینەوەکەی پەیرەوی دەکات.(د.الدليمي,٢٠٠٤،٦٤) لەبەرئەوەی ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەری فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوکە لەسەر بەکارهێنەرانی لە هەرێمی کوردستاندا" کە توێژینەوەی بابەتەکە توێژینەوەیەکی وەسفییە، بۆیە میتۆدی گونجاو بۆ سروشتی ئەو توێژینەوەیە کە توێژەر بەکاریهێناوە بریتییە لە میتۆدی ڕووپێویە، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی زانستیدا بگونجێت، لەگەڵ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و بەدەستهێنانی زانیاری ورد و تەواو دەربارەیان.

## نمونەی توێژینەوەکە

توێژەر بە شێوەی ڕوپێوی گشتی نمونەی توێژینەوەکەی هەڵبژاردوە. دوای بە دەستهێنانی زانیاری تایبەت، هەوڵیداوە زۆربەی ڕۆژنامەنوسان وەربگرێت، کە ژمارەیان (٢٨٠) کەسە بە هەردو ڕەگەزەوە.

**خشتەی (٣) زانیارییە کەسییەکان**

| گۆڕاو | | ژمارە | % | ناوەندی ژمێریی | لادانی پێوەری | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 241 | 86.1 | 1.14 | .347 | ٪١٠٠ |
| | مێ | 39 | 13.9 | | | |
| تەمەن | 18-23 | 7 | 2.5 | 3.36 | .796 | ٪١٠٠ |
| | 24-29 | 35 | 12.5 | | | |
| | 30-35 | 88 | 31.4 | | | |
| | تەمەن >= ٣٦ ساڵ | 150 | 53.6 | | | |
| بڕوانامە | بنەڕەتی | 8 | 2.9 | 1.89 | .989 | ٪١٠٠ |
| | ئامادەیی | 35 | 12.5 | | | |
| | دبلۆم | 52 | 18.6 | | | |
| | بەکالۆریۆس | 153 | 54.6 | | | |
| | ماستەر | 24 | 8.6 | | | |
| | دکتۆرا | 8 | 2.9 | | | |
| شوێنی نیشتەجێبون | پارێزگای هەولێر | 132 | 47.1 | 3.62 | 1.002 | ٪١٠٠ |
| | پارێزگای سلێمانی | 67 | 23.9 | | | |
| | پارێزگای دهۆک | 60 | 21.4 | | | |
| | پارێزگای هەڵەبجە | 21 | 7.5 | | | |

ئەنجامەکان ئەوە ڕوندەکەنەوە، کە زۆربەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی (نێر)ن و (پلەی یەکەم)یان وەرگرتوە، بەرێژەی لە (٨٦.١) و کۆی بەشداربوان ژمارەیان (٢٤١) کەس بوە. ئەوانیتر لە ڕەگەزی (مێ)ن و بە (پلەی دوەم) هاتون، لە ڕیزبەندیی ئەگەرەکاندا، کە ژمارەیان (٣٩) بەرتوێژ بوە و ڕێژەی (١٣.٩) بەشداربوان پێکدێنن، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کە زۆربەی ڕۆژنامەنوسان لە ڕەگەزی (نێر)ن. ناوەندی ژمێرەیی (1.14) و لادانی پێوانەیی (.347).

خشتەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە، کە زۆربەی بەرتوێژان تەمەنیان لە (٣٦ بەسەرەوە)یە، کە پلەی یەکەمی بەشداربوانیان وەرگرتوە، هەروەها ئەوانەی پلەی دوەمیان وەرگرتوە، تەمەنیان لە نێوان (٣٠ ـ ٣٥) ساڵیدایە، هەر وەکو ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٤ ـ ٢٩) ساڵیدایە پلەی سێیەمیان وەرگرتوە. لەبەرامبەردا ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨ ـ ٢٣) ساڵیدایە، کەمترین ڕێژەیان هەیە و لە پلەی چوارەمدان. ناوەندی ژمێرەیی (3.36) و لادانی پێوانەیی (.796).

لە خشتەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە توێژەر توانیویەتی لە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان ڕۆژنامەنوسان وەک سامپڵ وەربگرێت، پارێزگای هەولێر بەپلەی یەکەم دێت بەرێژەی لەسەدا (٤٧.١)، پارێزگای سلێمانی بە پلەی دوەم دێت بەرێژەی لەسەدا (٢٣.٩)، پارێزگای دهۆک بە پلەی سێیەم دێت بەرێژەی لەسەدا (٢١.٤) و پارێزگای هەڵەبجە بە پلەی چوارەم دێت بەرێژەی لەسەدا (٧.٥)، لەبەر زۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەسنوری پارێزگای هەولێر، ڕێژەیەکی زۆر لەو پارێزگایە وەرگیراوە لە بەرامبەر پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان. ناوەندی ژمێرەیی ( 3.62) و لادانی پێوانەیی (1.002).

زۆرینەی بەرتوێژان هەڵگری بڕوانامەی(بەکالۆریۆس)ن، کە پلەی (یەکەم)یان هەیە، بەرێژەی لەسەدا (٥٤.٦)، هەر وەک دواتر هەڵگرانی بڕوانامەی (پەیمانگا) بە پلەی دوەم دێن، بەرێژەی لەسەدا (١٨.٦)، هەڵگرانی بڕوانامەی (ئامادەیی)ن، کە پلەی سێیەمیان هەیە، بەرێژەی لەسەدا (١٢.٥)، هەر وەک دواتر هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر) بەپلەی چوارەم دێن، بەرێژەی لەسەدا (٨.٦)، هەڵگرانی بڕوانامەی (دکتۆرا) بەپلەی پێنجەم دێن لە ڕیزبەندییەکە، بەرێژەی لەسەدا (٢.٩). ناوەندی ژمێرەیی (1.89) و لادانی پێوانەیی (.989).

زۆرینەی بەرتوێژان خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، بەهۆی بونی بەش و کۆلێژی بواری میدیا لە زۆرینەی زانکۆ حکومیی و ئەهلییەکان و دابینکردنی کورسی تایبەت بەڕۆژنامەنوسان، لە ماوەی ١١ ساڵی ڕابردودا، کە ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو دەبنە هەڵگری بڕوانامەی بەشە جیاوازەکانی بواری میدیا، کە زۆرینەیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا کاردەکەن.

### خشتەی (٤) ڕۆژانە چەند کاتژمێر تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردێنی؟

### کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی

| ژ | ژمارەی ساڵەکان | ژمارە | % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کەمتر لە کاتژمێرێک | 11 | 3.9 | ٠.٨٧٦ | ٠.٩٨٩ |
| ٢ | 1-2کاتژمێر | 67 | 23.9 | | |
| ٣ | 3-4کاتژمێر | 98 | 35.0 | | |
| ٤ | لە ٥ کاتژمێر بەسەرەوە | 104 | 37.1 | | |
| ٥ | کەمتر لە کاتژمێرێک | 11 | 3.9 | | |
| | **کۆی گشتی** | ٢٨٠ | ١٠٠ % | | |

لەخشتەی سەرەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە کە ئەو بەرتوێژانەی لە (٥ کاتژمێر بە سەرەوە) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردهێنن بەپلەی یەکەم دێن، بەرێژەی لەسەدا (٣٧.١)، هەروەها ئەو بەرتوێژانەی لە (٣ ـ ٤ کاتژمێر) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بەپلەی دوەم دێن، بەرێژەی لەسەدا (٣٥.٠)، هەروەها ئەو بەرتوێژانەی لە (١ ـ٢ کاتژمێر) تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردهێنن بەپلەی

سێیەمدێن بەڕێژەی لەسەدا (٢٣.٩). هەروەها ئەو بەرتوێژانەی (کەمتر لە کاتژمێرێک) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردهێنن، بەپلەی چوارەم دێن" بەڕێژەی لەسەدا (٣.٩). ناوەندی ژمێرەیی ( ٠.٨٧٦) و لادانی پێوانەیی (٠.٩٨٩). ئەوەش ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی بەرتوێژان لە پێنج کاتژمێر بە سەرەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن و ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕۆژنامەنوسانی کوردستان زیاتر بایەخ بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن.

### خشتەی (5) تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنیت؟

| بژاردە | دووبارەبونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 271 | 96.8 | یەکەم |
| نەخێر | 9 | 3.2 | دوەم |
| کۆی گشتی | 280 | 100 | |

لەخشتەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە زۆربەی بەرتوێژان تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەکاردەهێنن، کە ژمارەیان (٢٧١) کەسن، بەپلەی یەکەم دێن، بەڕێژەی لەسەدا (٩٦.٨) و ئەوانەی تۆڕەی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەکارناهێنن، ژمارەیان (٩) کەسە و بەپلەی دوەم دێن، بەڕێژەی لەسەدا (٣.٢)، ئەم ئەنجامە ئاماژەیە کە زۆرینەی بەرتوێژان تۆڕی کۆمەڵایەتی فەسیبوک بەکاردێنن بۆ مەبەستە تایبەتییەکانیان.

### خشتەی (6) نەبونی فلتەرکردن کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکریزی نیشتمانی دروست کردوە؟

| بژاردە | دووبارەبونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 188 | 67.1 | یەکەم |
| تاڕادەیەک | 80 | 28.6 | دوەم |
| نەخێر | 12 | 4.3 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 280 | 100 | |

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زۆربەی بەرتوێژان کە ژمارەیان(١٨٨) کەسە بەڕێژەی لەسەدا(٦٧.١) پێیانوایە کە نەبونی فلتەرکردن کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکریزی نیشتمانی دروستکردوە و پلەی یەکەمی وەرگرتوە، دوای ئەوەش ئەو بەرتوێژانەی کە پێیانوایە کە تاڕادەیەک نەبونی فلتەرکردن کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکریزی نیشتمانی دروست کردوە، ژمارەیان(٨٠)کەسە، بەڕێژەی لەسەدا(٢٨.٦) پلەی دوەمی وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانەی پێیانوایە کە نەبونی فلتەرکردن کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکریزی نیشتمانی دروست نەکردوە، ژمارەیان (١٢) کەسە، بەڕێژەی لەسەدا (٤.٣) پلەی سێیەمی وەرگرتوە.

ئەوئەنجامە دەردەخات کە نەبونی فلتەرکردن کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکریزی نیشتمانی دروست کردوە.

خشتەی (7) هۆکاری نەبونی فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی؟

| بژاردە | ژمارە | % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| دەستێوەردانی حزبی | 51 | 18.2 | 3.28 | 1.584 |
| کەمتەرخەمی حکومەت | 62 | 22.1 | | |
| نەبونی هەماهەنگی نێوان شارەزایانی بواری میدیا و سەندیکای ڕۆژنامەنوسان | 32 | 11.4 | | |
| قۆرخکردنی ئازادی ڕادەربڕین و میدیا هۆکاری نەبونی فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی | 28 | 10.0 | | |
| تێنەگەیشتن لە گرنگی فلتەرکردنی میدیایی | 107 | 38.2 | | |
| کۆی گشتی | 280 | 100 | | |

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە، کە زۆربەی بەرتوێژان کە ژمارەیان (١٠٧) کەسە بەڕێژەی (٣٨.٢) پلەی یەکەمی وەرگرتوە پێیانوایە کە هۆکاری نەبونی فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی بۆ تێنەگەیشتن لە گرنگی فلتەرکردنی میدیایی دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەش ئەو بەرتوێژانەی کە پێیانوایە کە هۆکاری نەبونی فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی بۆ کەمتەرخەمی حکومەت دەگەڕێتەوە، ژمارەیان (٦٢) کەسە بەڕێژەی (٢٢.١) پلەی دوەمی وەرگرتوە، دوای ئەوەش ئەو بەرتوێژانەی کە پێیانوایە هۆکاری نەبونی فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی بۆ دەستێوەردانی حزبی دەگەڕێتەوە، ژمارەیان (٥١) کەسە بەڕێژەی (١٨.٢) پلەی سێیەمی وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانەی کە پێیانوایە کە هۆکاری نەبونی فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی بۆ نەبونی هەماهەنگی نێوان شارەزایانی بواری میدیا و سەندیکای ڕۆژنامەنوسان دەگەڕێتەوە، ژمارەیان (٣٢) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (١١.٤) پلەی چوارەمی وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانەی کە پێیانوایە کە هۆکاری نەبونی فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی بۆ قۆرخکردنی ئازادی ڕادەربڕین و میدیا هۆکاری نەبونی فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە کە ژمارەیان (٢٨) کەسە بەڕێژەی (١٠.٠) پلەی پێنجەمی وەرگرتوە، ناوەندی ژمێرەیی (3.28) و لادانی پێوانەیی (1.584). ئەو ئەنجامە دەردەخات، کە هۆکاری نەبونی فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی بۆ تێنەگەیشتن لە گرنگی فلتەرکردنی میدیایی دەگەڕێتەوە.

## خشتەی (8) نەبونی فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وای کردوە بەکارهێنەران ڕەچاوی ئێتیک (ئاکار) نەکەن؟

| بژاردە | ژمارە | % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 205 | 73.2 | 1.33 | .593 |
| نازانم | 57 | 20.4 | | |
| لەگەڵیدانیم | 18 | 6.4 | | |
| کۆی گشتی | 280 | 100 | | |

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە، کە زۆرینەی بەرتوێژان کە ژمارەیان (٢٠٥) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٧٣.٢) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، لەگەڵ ئەوەدان کە نەبونی فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وای کردوە بەکارهێنەران ڕەچاوی ئێتیک (ئاکار) نەکەن، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانەی کە هیچ تێگەیشتنێکیان نەبوە، ژمارەیان (٥٧) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٢٠.٤) پلەی دوەمی وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانەی کە لەگەڵ ئەوەدانین، کە نەبونی فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وایکردوە بەکارهێنەران ڕەچاوی ئێتیک (ئاکار) نەکەن، ژمارەیان (١٨) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٦.٤) پلەی سێیەمی وەرگرتوە. ناوەندی ژمێرەیی (1.33) و لادانی پێوانەیی (.593). ئەو ئەنجامە دەردەخات، کە زۆربەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە نەبونی فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وای کردوە بەکارهێنەران ڕەچاوی ئێتیک (ئاکار) نەکەن.

خشتەی (9) پێوەری ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن توێژینەوەکە

| پرسیار | وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | کۆی گشتی | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئایا فلتەر کردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە کاتی کڕینی کاڵاکان و بەرهەمە میدیاییەکان لە چوارچێوەی ڕیکلام و بەبازاڕکردن هیچ ئاستەنگییەک دروست دەکات ؟ | بەڵێ | 59 | 21.1 | ٢٨٠ | 2.07 | .700 |
| | تارادەیەک | 142 | 50.7 | | | |
| | نەخێر | 79 | 28.2 | | | |
| ئایا فەیسبوک بۆتە هۆی بڵاوبونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و دروستبونی گوشاری دەرونی؟ | بەڵێ | 179 | 63.9 | ٢٨٠ | 1.39 | .537 |
| | تارادەیەک | 94 | 33.6 | | | |
| | نەخێر | 7 | 2.5 | | | |
| ئایا فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک دەبێتە هۆی فراوانکردنی ئازادی ڕادەربڕین و گەشەی دیموکراسی لە کوردستان؟ | بەڵێ | 80 | 28.6 | ٢٨٠ | 1.95 | .724 |
| | تارادەیەک | 133 | 47.5 | | | |
| | نەخێر | 67 | 23.9 | | | |
| لەڕوی سیاسییەوە فەیسبوک بۆتە سەکۆیەک بۆ قوڵبونەوەی ناکۆکی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان. | بەڵێ | 186 | 66.4 | ٢٨٠ | 1.39 | .595 |
| | تارادەیەک | 78 | 27.9 | | | |
| | نەخێر | 16 | 5.7 | | | |
| ئایا لەڕوی نەتەوەییەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بۆتە هۆکارێک بۆ کاڵکردنەوەی ئینتمای نیشتمانی لەلای بەکارهێنەران؟ | بەڵێ | 138 | 49.3 | ٢٨٠ | 1.59 | .644 |
| | تارادەیەک | 118 | 42.1 | | | |
| | نەخێر | 24 | 8.6 | | | |
| ئایا لەڕوی تەندروستییەوە زۆر بەکارهێنانی فەیسبوک کاریگەری نەرێنی لەسەر جەستەی بەکارهێنەران دروستکردوە؟ | بەڵێ | 184 | 65.7 | ٢٨٠ | 1.37 | .540 |
| | تارادەیەک | 88 | 31.4 | | | |
| | نەخێر | 8 | 2.9 | | | |
| ئایا خاوندارێتی و تەمویلکردنی (پارەدارکردنی) بەشێکی زۆر لەپەیج و ئەکاونتەکان لە لایەن پارتە سیاسییەکان، بۆتە هۆکار بۆئەوەی پرۆسەی فلتەرکردن بەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ نەکرێت؟ | بەڵێ | 175 | 62.5 | ٢٨٠ | 1.43 | .601 |
| | تارادەیەک | 89 | 31.8 | | | |
| | نەخێر | 16 | 5.7 | | | |
| تا چەند ئاستی نوسین و پۆستەکانی فەیسبوک بە دروست دەزانی؟ | بەڵێ | 25 | 8.9 | ٢٨٠ | 2.24 | .602 |
| | تارادەیەک | 163 | 58.2 | | | |
| | نەخێر | 92 | 32.9 | | | |
| ئایا فلتەرکردن بە مانای پاکتاوکردنی ناوەڕۆکە میدیاییەکان لە فەیسبوکدا پێویستە؟ | بەڵێ | 134 | 47.9 | ٢٨٠ | 1.63 | .670 |
| | تارادەیەک | 116 | 41.4 | | | |
| | نەخێر | 30 | 10.7 | | | |
| نەبونی فلتەرکردن کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکریزی نیشتمانی دروست کردوە؟ | بەڵێ | 188 | 67.1 | ٢٨٠ | 1.37 | .566 |
| | تارادەیەک | 80 | 28.6 | | | |
| | نەخێر | 12 | 4.3 | | | |
| ئایا فەیسبوک لەسەر ئاستی ڕەگەزی مەترسی لەسەر بەکارهێنەران لەهەرێمی کوردستاندا دروست کردوە؟ | بەڵێ | 154 | 55.0 | ٢٨٠ | 1.51 | .616 |
| | تارادەیەک | 108 | 38.6 | | | |
| | نەخێر | 18 | 6.4 | | | |

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە، کە زۆربەی بەرتوێژان کە ژمارەیان (١٤٢) کەسە، بەرێژەی لەسەدا (٥٠.٧) پلەی یەکەمیان وەرگرتوە، پێیانوایە کە فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە کاتی کڕینی کاڵاکان و بەرهەمە میدیاییەکان لەچوارچێوەی ریکلام و بەبازارکردن تاڕادەیەک ئاستەنگیی دروست دەکات، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانەی کە پێیانوایە کە فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە کاتی کڕینی کاڵاکان و بەرهەمە میدیاییەکان لە چوارچێوەی ریکلام و بەبازارکردن هیچ ئاستەنگییەک دروستناکات، ژمارەیان (٧٩) کەسە بەرێژەی لەسەدا (٢٨.٢) پلەی دوەمیان وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانە دێت کە پێیانوایە کە فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە کاتی کڕینی کاڵاکان و بەرهەمە میدیاییەکان لەچوارچێوەی ریکلام و بەبازارکردن ئاستەنگیی دروست دەکات، کە ژمارەیان (٥٩) کەسە بەرێژەی لەسەدا (٢١.١) دێت و پلەی سێیەمیان وەرگرتوە. ناوەندی ژمێرەیی (2.07) و لادانی پێوانەیی (700.). ئەو ئەنجامە دەردەخات کە زۆربەی بەرتوێژان پێیانوایە کە کە فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەکاتی کڕینی کاڵاکان و بەرهەمە میدیاییەکان لەچوارچێوەی ریکلام و بەبازارکردن تاڕادەیەک ئاستەنگیی دروست دەکات.

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زۆربەی بەرتوێژان کە ژمارەیان (١٧٩) کەسە بەرێژەی لەسەدا (٦٣.٩) پلەی یەکەمیان وەرگرتوە، پێیانوایە کە فەیسبوک بۆتە هۆی بڵاوبونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و دروستبونی گوشاری دەرونی، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانە دێت کە پێیانوایە کە تاڕادەیەک فەیسبوک بۆتە هۆی بڵاوبونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و دروستبونی گوشاری دەرونی، کە ژمارەیان (٩٤)کەسە، بەرێژەی لەسەدا (٣٣.٦) پلەی دوەمیان وەرگرتوە، دوای ئەوەش ئەو بەرتوێژانە دێت کە پێیانوایە کە فەیسبوک نەبۆتە هۆی بڵاوبونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و دروستبونی گوشاری دەرونی، کە ژمارەیان (٧) کەسە بەرێژەی لەسەدا (٢.٥) و پلەی سێیەمیان وەرگرتوە. ناوەندی ژمێرەیی (1.39) و لادانی پێوانەیی (537.). ئەو ئەنجامە دەردەخات کە زۆربەی بەرتوێژان پێیانوایە کە فەیسبوک بۆتە هۆی بڵاوبونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و دروستبونی گوشاری دەرونی لەلای بەکارهێنەران.

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زۆربەی بەرتوێژان کە ژمارەیان (١٣٣) کەسە بەرێژەی لەسەدا (٤٧.٥) پلەی یەکەمیان وەرگرتوە، پێیانوایە کە فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک تاڕادەیەک دەبێتە هۆی فراوانکردنی ئازادی ڕادەربرین و گەشەی دیموکراسی لە کوردستان، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانە دێت کە پێیانوایە کە فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک دەبێتە هۆی فراوانکردنی ئازادی ڕادەربرین و گەشەی دیموکراسی لە کوردستان، کە ژمارەیان (٨٠) کەسە، بەرێژەی لەسەدا (٢٨.٦) پلەی دوەمیان وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانە دێت کە پێیانوایە کە کە فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نابێتە هۆی فراوانکردنی ئازادی ڕادەربرین و گەشەی دیموکراسی لە کوردستان، کە ژمارەیان (٦٧) کەسە، بەرێژەی لەسەدا (٢٣.٩) پلەی سێیەمیان وەرگرتوە. ناوەندی ژمێرەیی (1.95) و لادانی پێوانەیی (724.). ئەو ئەنجامە دەردەخات کە زۆربەی بەرتوێژان پێیانوایە کە فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک تاڕادەیەک دەبێتە هۆی فراوانکردنی ئازادی ڕادەربرین و گەشەی دیموکراسی لە کوردستان.

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زۆربەی بەرتوێژان کە ژمارەیان (١٨٦) کەسە بەرێژەی لەسەدا (٦٦.٤) پلەی یەکەمیان وەرگرتوە، پێیانوایە کە لەڕوی سیاسییەوە فەیسبوک بۆتە سەکۆیەک بۆ قوڵبونەوەی ناکۆکی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانە دێت کە پێیانوایە کە تاڕادەیەک لەڕوی سیاسییەوە فەیسبوک بۆتە سەکۆیەک بۆ قوڵبونەوەی ناکۆکی لەنێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان، کە ژمارەیان (٧٨) کەسە بەرێژەی لەسەدا (٢٧.٩) پلەی دوەمیان وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانە دێت، کە لەڕوی سیاسییەوە فەیسبوک نەبۆتە سەکۆیەک بۆ قوڵبونەوەی ناکۆکی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان، کە ژمارەیان (١٦) کەسە بەرێژەی لەسەدا (٥.٧) پلەی سێیەمیان وەرگرتوە. ناوەندی ژمێرەیی (1.39) و لادانی پێوانەیی (595.). ئەو ئەنجامە دەردەخات کە زۆربەی بەرتوێژان پێیانوایە کە لەڕوی سیاسییەوە فەیسبوک بۆتە سەکۆیەک بۆ قوڵبونەوەی ناکۆکی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان.

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زۆربەی بەرتوێژان کە ژمارەیان (١٣٨) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٤٩.٣) پلەی یەکەمیان وەرگرتوە، پێیانوایە کە لەڕوی نەتەوەییەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بۆتە هۆکارێک بۆ کاڵکردنەوەی ئینتمای نیشتمانی لە لای بەکارهێنەران، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانە دێت کە پێیانوایە کە تاڕادەیەک لەڕوی نەتەوەییەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بۆتە هۆکارێک بۆ کاڵکردنەوەی ئینتمای نیشتمانی لەلای بەکارهێنەران، کە ژمارەیان (١١٨) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٤٢.١) پلەی دوەمیان وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانە دێت کە پێیانوایە کە لەڕوی نەتەوەییەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نەبۆتە هۆکارێک بۆ کاڵکردنەوەی ئینتمای نیشتمانی لەلای بەکارهێنەران، کە ژمارەیان (٢٤) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٨.٦) پلەی سێیەمیان وەرگرتوە.

ناوەندی ژمێرەیی (1.59) و لادانی پێوانەیی (.644). ئەو ئەنجامە دەردەخات کە زۆربەی بەرتوێژان پێیانوایە کە لەڕوی نەتەوەییەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بۆتە هۆکارێک بۆ کاڵکردنەوەی ئینتمای نیشتمانی لەلای بەکارهێنەران.

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زۆربەی بەرتوێژان کە ژمارەیان (١٨٤) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٦٥.٧) و پلەی یەکەمیان وەرگرتوە، پێیانوایە کە لەڕوی تەندروستییەوە زۆر بەکارهێنانی فەیسبوک کاریگەری نەرێنی لەسەر جەستەی بەکارهێنەران دروستکردوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانە دێت، کە پێیانوایە کە تاڕادەیەک لەڕوی تەندروستییەوە زۆر بەکارهێنانی فەیسبوک کاریگەری نەرێنی لەسەر جەستەی بەکارهێنەران دروستکردوە، کە ژمارەیان (٨٨) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٣١.٤) پلەی دوەمیان وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانە دێت کە پێیانوایە کە لەڕوی تەندروستییەوە زۆر بەکارهێنانی فەیسبوک هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر جەستەی بەکارهێنەران دروست نەکردوە، کە ژمارەیان (٨) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٢.٩) پلەی سێیەمیان وەرگرتوە. ناوەندی ژمێرەیی (1.37) و لادانی پێوانەیی (.540).

ئەو ئەنجامە دەردەخات کە زۆربەی بەرتوێژان پێیانوایە کە لەڕوی تەندروستییەوە زۆر بەکارهێنانی فەیسبوک کاریگەری نەرێنی لەسەر جەستەی بەکارهێنەران دروستکردوە.

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زۆربەی بەرتوێژان کە ژمارەیان (١٧٥) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٦٢.٥) پلەی یەکەمیان وەرگرتوە، پێیانوایە کە خاوەندارێتی و تەمویلکردنی (پارەدارکردنی) بەشێکی زۆر لەپەیج و ئەکاونتەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکان، بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی پرۆسەی فلتەرکردن بەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ نەکرێت، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانە دێت کە پێیانوایە کە تاڕادەیەک خاوەندارێتی و تەمویلکردنی (پارەدارکردنی) بەشێکی زۆر لە پەیج و ئەکاونتەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکان، بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی پرۆسەی فلتەرکردن بەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ نەکرێت، کە ژمارەیان (٨٩) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٣١.٨) پلەی دوەمیان وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانە دێت کە پێیانوایە کە خاوەندارێتی و تەمویلکردنی (پارەدارکردنی) بەشێکی زۆر لە پەیج و ئەکاونتەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکان، نەبۆتە هۆکار بۆئەوەی پرۆسەی فلتەرکردن بەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ نەکرێت، کە ژمارەیان (١٦) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٥.٧) پلەی سێیەمیان وەرگرتوە.

ناوەندی ژمێرەیی (1.43) و لادانی پێوانەیی (.601). ئەو ئەنجامە دەردەخات کە زۆربەی بەرتوێژان پێیانوایە کە خاوەندارێتی و تەمویلکردنی (پارەدارکردنی) بەشێکی زۆر لە پەیج و ئەکاونتەکان لە لایەن پارتە سیاسییەکان، بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی پرۆسەی فلتەرکردن بەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ نەکرێت.

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زۆربەی بەرتوێژان، کە ژمارەیان(١٦٣) کەسە، بەڕێژەی لەسەدا(٥٨.٢) پێیانوایە کە (تا ڕادەیەک) ئاستی نوسین و پۆستەکانی فەیسبوک بەدروست دەزانن و پلەی یەکەمی وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانەی کە (کەم) ئاستی نوسین و پۆستەکانی فەیسبوک بەدروست دەزانن کە ژمارەیان (٩٢) کەسە، بەڕێژەی لەسەدا (٣٢.٩) پلەی دوەمیان وەرگرتوە، دوای ئەوەش ئەو بەرتوێژانەی کە پێیانوایە کە ئاستی نوسین و پۆستەکانی فەیسبوک (زۆر) بەدروست دەزانن کە ژمارەیان (٢٥) کەسە بەڕێژەی (٨.٩) پلەی سێیەمی وەرگرتوە.

ناوەندی ژمێرەیی (2.24) و لادانی پێوانەیی (.602). ئەو ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە زۆربەی بەرتوێژان تا ڕادەیەک ئاستی نوسین و پۆستەکانی فەیسبوک بە دروست دەزانن.

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زۆربەی بەرتوێژان کە ژمارەیان(١٣٤) کەسە بەڕێژەی لەسەدا(٤٧.٩) پێیانوایە کە فلتەرکردن بۆ ناوەرۆکە میدیاییەکان لە فەیسبوکدا پێویستە و پلەی یەکەمی وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانەی پێیانوایە کە فلتەرکردن بۆ ناوەرۆکە میدیاییەکان لە فەیسبوکدا تاڕادەیەک پێویستە، ژمارەیان (١١٦) کەسە، بەڕێژەی لەسەدا(٤١.٤) پلەی دوەمی وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانەی کە پێیانوایە کە فلتەرکردن بۆ ناوەڕۆکە میدیاییەکان پێویست نییە، ژمارەیان(٣٠) کەسە، بەڕێژەی لەسەدا (١٠.٧) و پلەی سێیەمی وەرگرتوە. ناوەندی ژمێرەیی (1.63) و لادانی پێوانەیی (670.).

ئەو ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە زۆربەی بەرتوێژان پێیانوایە کە فلتەرکردن بۆ ناوەڕۆکە میدیاییەکان لە فەیسبوکدا پێویستە.

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زۆربەی بەرتوێژان کە ژمارەیان (١٨٨) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٦٧.١) پێیانوایە کە نەبونی فلتەرکردن کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکریزی نیشتمانی دروستکردوە و پلەی یەکەمی وەرگرتوە، دوای ئەوەش ئەو بەرتوێژانەی کە پێیانوایە کە تاڕادەیەک نەبونی فلتەرکردن کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکریزی نیشتمانی دروستکردوە، ژمارەیان(٨٠)کەسە، بەڕێژەی لەسەدا(٢٨.٦) پلەی دوەمی وەرگرتوە، دوای ئەوە ئەو بەرتوێژانەی پێیانوایە کە نەبونی فلتەرکردن کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکریزی نیشتمانی دروست نەکردوە، ژمارەیان (١٢) کەسە، بەڕێژەی لەسەدا(٤.٣) پلەی سێیەمی وەرگرتوە. ناوەندی ژمێرەیی (1.37) و لادانی پێوانەیی (566.). ئەوئەنجامە دەردەخات کە نەبونی فلتەرکردن کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکریزی نیشتمانی دروست کردوە.

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زۆربەی بەرتوێژان کە ژمارەیان(١٥٤) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٥٥.٠) پلەی یەکەمی وەرگرتوە پێیانوایە کە فەیسبوک لەسەر ئاستی ڕەگەزی مەترسی لەسەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا دروست کردوە، دوای ئەوەش بەشێک لە بەرتوێژان کە ژمارەیان (١٠٨) کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٣٨.٦) پێیانوایە کە تاڕادەیەک فەیسبوک لەسەر ئاستی ڕەگەزی مەترسیی لەسەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا دروست کردوە و پلەی دوەمیان وەرگرتوە، دوای ئەوە بەشێکی دیکەی لە بەرتوێژان کە ژمارەیان (١٨)کەسە بەڕێژەی لەسەدا (٦.٤) پێیانوایە کە فەیسبوک لەسەر ئاستی ڕەگەزی مەترسی لەسەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا دروست نەکردوە و پلەی سێیەمی وەرگرتوە، ناوەندی ژمێرەیی (1.51) و لادانی پێوانەیی (616.). ئەو ئەنجامە دەردەخات کە فەیسبوک لەسەر ئاستی ڕەگەزی مەترسیی لەسەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا دروست کردوە.

# باسی چوارەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردەی توێژینەوە

## دەرئەنجامەکان

١. زۆربەی ڕۆژنامەنوسان تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بە هۆی ئاسانی لە بەکارهێنان و بونی فلتەر و سیکیوریتی و گەیاندنی پەیام و ئاگاداربون لە هەواڵ و زانیاری گشتیی بەکاردەهێنن.
٢. زۆرینەی ڕۆژنامەنوسان پێیانوایە کە ناڕاستی و ناڕونی زانیاری و هەواڵە فەیکەکان (ساختە) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بۆ نەبونی یاسا بۆ چاودێریکردنی میدیای کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە.
٣. زۆرینەی ڕۆژنامەنوسان پێیانوایە کە فلتەرکردن بۆ ناوەڕۆکە میدیاییەکان لە فەیسبوکدا پێویستە.
٤. زۆرینەی ڕۆژنامەنوسان پێیانوایە کە نەبونی فلتەرکردن کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکریزی نیشتمانیی دروست کردوە.
٥. زۆرینەی ڕۆژنامەنوسان پێیانوایە کە هۆکاری نەبونی فلتەرکردنی میدیای کۆمەڵایەتی بۆ تێنەگەیشتن لە گرنگی فلتەرکردنی میدیایی دەگەڕێتەوە.
٦. زۆربەی ڕۆژنامەنوسان لەگەڵ ئەوەدان کە نەبونی فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وای کردوە کە بەکارهێنەران ڕەچاوی ئیتیک نەکەن.
٧. زۆرینەی ڕۆژنامەنوسان پێیانوایە کە بەکارهێنانی فەیسبوک بۆتە هۆکاری ناوزڕاندن لە هەرێمی کوردستاندا.
٨. زۆرینەی ڕۆژنامەنوسان پێیانوایە کە فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک تاڕادەیەک دەبێتە هۆی فراوانکردنی ئازادی ڕادەربڕین و گەشەی دیموکراسی لە کوردستان.
٩. زۆرینەی ڕۆژنامەنوسان پێیانوایە کە لەڕوی سیاسییەوە فەیسبوک بۆتە سەکۆیەک بۆ قوڵبونەوەی ناکۆکی لەنێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان.
١٠. زۆرینەی ڕۆژنامەنوسان پێیانوایە کە لەڕوی نەتەوەییەوە، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بۆتە هۆکارێک بۆ کاڵکردنەوەی ئینتمای نیشتمانی لەلای بەکارهێنەران.

## ڕاسپاردەکان:

١. ئەنجامدانی کۆڕ و کۆنفرانسیی زانستی لەلایەن زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکانی بواری میدیا بۆ تێگەیشتن لەگرنگی بابەتی فلتەرکردن.
٢. هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی ڕۆژنامەگەری کوردستان، بە چەشنێک کە گوزارشت لە میدیای ئەلیکترۆنی بەگشتی و میدیای کۆمەڵایەتی بەتایبەتی بکات.
٣. هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.
٤. هۆشیارکردنەوە ئاستی رۆشنبیری بەکارهێنەران لەلایەن میدیا و ڕێکخراوە ئێن جی ئۆکان و ناوەندەکانی بیرکردنەوە.

# The Impacts of Filtering in Social Media Facebook on Users in the Kurdistan Region

**Awara Haji Kheder**
Department of Media, College of Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** awara.kheder@su.edu.krd

**Saman Jalal Mawlood**
Department of Media, College of Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** saman.mawlood@su.edu.krd

**Abstract:**

Social media has prevailed over conventional media and it has impacted the society enormously. This research investigates the impacts of filtering in social media platform of Facebook. Filtering is argued to have positive influences on the quality of media productions. The main objective of the research is to scrutinize the effects of filtering in Facebook. The problem of this research is that Facebook users are overwhelmed by a flood of false and perilous information that come to them through unfiltered social media platforms. The significance of the work lies in its attempt to eradicate all the messages that get disseminated irresponsibly in social media. Methodologically, the study employed a descriptive method by conducting an online survey in the four governorates of the Kurdistan Region. Furthermore, a three-point Correct spelling scale is used in the research. A sample of (*N* 284) journalists from Erbil, Sulaimani, Duhok and Halabja was selected for the empirical data collection process. Findings indicate that majority of journalists believe that filtering is a necessity in Facebook and filtering is an effective tool to end humiliation and disrespect in social media in the Kurdistan Region.

**Keywords:** Impact, Filtering, Social Media, Facebook , Kurdistan Regional, Consumer or Users.

# سەرچاوەکان:


ئیسلام, ئەرشد شوکری" .2014 .پراگماتیك و فلتەرکرنا زانیاریان د ڕاگەهاندنێدا".

ئەردەڵانی, ئەرسەلان .2011 .فەیسبوك بۆ هەمووان .سلێمانی: چاپخانەی گەنج.

أحمد شاكر العسكري. ٢٠٠٨. التسويق مدخل استراتيجي. عمان: دار الشروق.

بابانی, غلامرضا علی .2004 .فرهنگ سیاسی ارس .تهران: اشیان.

باران محەمەد عەبدوڵڵا. ٢٠١٤. ڕێکلامی ئینتەرنێت و ڕەفتاری بەکاربەر. هەولێر: چاپخانەی موکریان.

بدوي, عمار توفيق احمد .2014 .اثر وسائل التواصل الحديثة على الدعوة الفيس بوك نموزجا .فلسطين

بشير العلاق. ٢٠٠٦. التسويق في عصر الانترنت والاقتصاد الرقمية المنظمة العربية للتنمية الإدارية، . الأردن: دار المناهج، ط ١

جیمز, استوور ویلیام .1996 .تكنولوژى اطلاعات در جهان سوم .تهران: دانشگا ازاد اسلامی.

الخطيب, أحمد .2003 .البحث العلمي والتعليم العالي .عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

د.إيمان عبدالرحمن. ٢٠٠٥. المرجع المختصر في الإدارة. حلب: ط١،شعاع للنشر والعلوم،.

ڕیشاوی, ڕێبەر گۆران تاڵەبانی، یەحیا عومەر .2020 .میدیای نوێ لە سایەی شۆڕشی نوێی زانیارییەکاندا .سلێمانی: تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا.

زينة, موفق الحمداني و عدنان الجادري و عامر قنديلجي و عبدالرزاق بني هاني و فريد أبو .2006 .مناهج البحث العلمي .عمان: مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع.

شوانی, هێمن ئەمین جەلال" .2020 .مەترسییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بە نمونە".

شێرکۆ جبار محمد. ٢٠١٩. "مامەڵەی سۆشیال میدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە ڕووماڵکردنی پرسە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا."

طارق طه. ٢٠٠٧. التسويق بالانترنت والتجارة الالكترونية. الإسكندرية: دار الجامعة.

طه طارق. ٢٠٠٨ . إدارة التسويق. الاسكندرية: دار الجامعة الجديدة.

عائشة مصطفى الميناوي. ٢٠١٠. سلوك المستهلك مفاهيم و استراتيجيات. القاهرة، مصر: الطبعة ٢، مكتبة عين شمس.

عبدالناصر سليم حامد،. ٢٠١٢. معجم مصطلحات الخدمة الاجتماعية. عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع.

على فلاح مفلح الزعبى. ٢٠١٦ . الاعلان الكترونى (منطلقات نظرية وتطبيقات عملية) . الامارات العربية المتحدة : دار الكتاب الجامعى ط١.

عمر, سامان فوزي .2011 .دراسات معمقة في قانون الاعلام . سليمانية: دار سردم لطباعة والنشر.

عنابي بن عيسى. ٢٠١٣. سلوك المستهلك. الجزائر: ط٢ ، ديوان المطبوعات الجامعية.

عوض, عدنان .2008 .مناهج البحث العلمي .القاهرة: الشركة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات بالتعاون مع جامعة القدس المفتوحة.

اللة, وائل مبارك خضر فضل .2012 .اثر الفيس بوك على المجتمع السودان .السودان: وكالة قماري للنشر و التوزيع.

ماهر العجي. ٢٠١٤ . سلوك المستهلك كيف تكسب الزبون. عمان , الاردن: الطبعة ٢ , دار الرضا للنشر.

محمد إبراهيم عبيدات. ٢٠١٢. سلوك المستهلك مدخل استراتيجي. الأردن: الطبعة الرابعة، دار وائل للنشر.

محمد رشاد يوسف، محمود جاسم صميدعي يوسف،صميدعي. ٢٠٠٧. ادارة تسويق (تحليل تخطيطرقابة). عمان، الأردن: دار المناهج للنشر و التوزيع.

محمد عادل عبدالعزيز. ٢٠١٦. التجارة الإلكترونية والفكر المحاسبي. مصر: لطبعة الاولى.

محەمەد, محەمەد دلێر ئەمین" .2003 .سانسۆری ڕۆژنامەنوسی شێواز و جۆر و ئاراستەکانی ".سلێمانی.

محەمەد, کارزان .2011 .سانسۆری ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستاندا .سلێمانی: چاپخانەی کەمال.

مراد, هيرش رسول" .2011 .الوظيفة الرقابية للصحافة الكوردية في اقليم كوردستان".

هەردەوان مەحمود کاکەشێخ. ٢٠١٥. میدیای نوی و کاریگەریەکانی. هەولیر: ڕێکخراوی پرسی میدیا .

مەجید سالْح. (١ ١, ٢٠٢١). کێ ڕۆژنامەنوسە. تم الاسترداد من سبەی:
https://www.sbeiy.com/Dreje_birwra.aspx?jimare=&٢٣٨٢fbclid=IwAR٠WmhxysoVckure-Zmx٣JhrqhMtqSVLaNd١ep٤Z٦BZRUk-LIfWz-mmtU-M
نضال عبداللة بريخ. (٦ ١٢, ٢٠٢٠). تم الاسترداد من
file:///C:/Users/RAM٢٠%COMPUTER/Downloads/%D٪٨AF%D٪٨٨٪٩D٪٨B٪٢٠٪١D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨B٪٤D٪٨A٪٨D٪٨٣٪٩D٪٨A٪٧D٪٨AA٪٢٠%D٪٨١٪٩D٨٪٩A٪٢٠%D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨٦٪٩D٪٨AE%D٪٨A٪٨D٪٨A٩.pdf
نيلوفر ماجدى. (١ ١٢, ٢٠٢٠). تيك تاك چيست؟ تم الاسترداد من ويرگول:
https://virgool.io/@niloofar.majdii/%D٪٨A٪٨D٪٨B٪١D٪٨٦٪٩D٪٨A٪٧D٪٨٥٪٩D٨٧٪٩-%D٪٨AA%DB٨%C%DA%A٩-%D٪٨AA%D٪٨A٪٧DA%A٩-tik-tok-%DA٪٨٦%DB٨%C%D٪٨B٪٣D٪٨AA-%D٨٨٪٩-%DA٪٨٦%D٪٨B٪١D٪٨A٧-%D٪٨٥٪٩D٪٨B٪٩D٪٨B٪١D٪٨٨٪٩D٨١٪٩-%D٪٨B٪٤D٪٨AF%D٨٧٪٩-oujgu٦uv٥ad٥
وقايع روز. (٢٠ ١٢, ٢٠٢٠). تم الاسترداد من
https://vaghayerooz.com/fa/news/٣٩٣٢/%D٪٨AA%D٪٨٤٪٩DA%AF%D٪٨B٪١D٪٨A٪٧D٨٥٪٩-%DA٪٨٦%DB٨%C%D٪٨B٪٣D٪٨AA-%D٪٨AA%D٪٨A٪٧D٪٨B٪١DB٨%C%D٪٨AE%DA٪٨٦%D٨٧٪٩-%D٪٨AA%D٪٨٤٪٩DA%AF%D٪٨B٪١D٪٨A٪٧D٨٥٪٩
کەمال محەمەد. (٢ ١, ٢٠٢١). ڕۆڵ و کاریگەری سۆشیال میدیا لای حیزبە سیاسییەکان. تم الاسترداد من خەندان:
https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=&٢٨٩٣nuser=&١٧٠٤fbclid=IwAR٣jxDhq٢egFDmBIewmzDFiHBkWUph٥٨ApUSnt١٢Zp٠٠UQydSSHP_wINPTc
مادح. (١ ١٢, ٢٠٢٠). يوتيوب چيست؟ تم الاسترداد من ويرگول:
https://virgool.io/@ct.madah/%DB٨%C%D٪٨٨٪٩D٪٨AA%DB٨%C%D٪٨٨٪٩D٪٨A٨-%DA٪٨٦%DB٨%C%D٪٨B٪٣D٪٨AA-mv٧ljek٦w٠fs
محمد كرمى. (٢٠ ١٢, ٢٠٢٠). وايبر (Viber) چيست؟ تم الاسترداد من http://ityab.com/article/p٢٣٨-%D٪٨٨٪٩D٪٨A٪٧DB٨%C%D٪٨A٪٨D٪٨B١
محمد محمدى. (٢٠ ١٢, ٢٠٢٠). ١١ پيام رسان برتر دنيا در سال ٢٠١٩ را بشناسيد. تم الاسترداد من پايگاه خبرى صبح مشهد:
https://sobhmashhad.ir//٢١٤٩٠/١٧/٠٤/١٣٩٨
مرتضى يعقوبى. (١٤ ١٢, ٢٠٢٠). گزارش تيک تاک از تعداد كاربران جهانى اين اپليكيشن منتشر شد. تم الاسترداد من آى تى ايران:
https://itiran.com/٢٥/٠٨/٢٠٢٠/%DA%AF%D٪٨B٪٢D٪٨A٪٧D٪٨B٪١D٪٨B٤-%D٪٨AA%DB٨%C%DA%A٩-%D٪٨AA%D٪٨A٪٧DA%A٩-%D٪٨A٪٧D٪٨B٢-%D٪٨AA%D٪٨B٪٩D٪٨AF%D٪٨A٪٧D٪٨AF-%DA%A٪٩D٪٨A٪٧D٪٨B٪١D٪٨A٪٨D٪٨B٪١D٪٨A٪٧D٨٦٪٩-%D٪٨AC%D٪٨٧٪٩D٪٨A٪٧D٪٨٦٪٩DB٨%C-%D٪٨A٪٧DB٨%C/?fbclid=IwAR٠Erp٣W٥t٠FxbG
مروة الاسدي. (١٦ ١١, ٢٠١٦). فيسبوك: حرية التعبير ليس خطاب كراهية. تاريخ الاسترداد ١ ١١, ٢٠١٩، من
https://annabaa.org/arabic/informatics/٨٦٨١
مهدى كشاورز. (١٣ ١٢, ٢٠٢٠). امار يوتيوب در سال ٢٠٢٠. تم الاسترداد من اكادمى ديجيتا ماكتينگ دهبان: https://dmacourse.com/youtube-statistics-٢٠٢٠/?fbclid=IwAR٣mSJ٦cmxFAYBj١ih٥١kMsNXh٠t٥rEBrKhGc٨VrojOIK-K-gf٤Y٦RkIL٦I
Geoffrey Hawthorn. (٢٠٠٥). Censorship. تأليف Bernard Williams، In the Beginning Was the Deed (الصفحات ١٣٩-١٤٤). Princeton: Princeton University.
ئارام سەعید. (١٧ ١, ٢٠٢١). نیعمەتی سۆشیال میدیا بۆ ستەمکاران! تم الاسترداد من ئێن ئار تی : https://www.nrttv.com/birura-details.aspx?authorid=&٥٦Articleid=&٢٤٢٦fbclid=IwAR٠ofSdfEZUOGuYsVSDCdBE٥Kri_JHIuEkl٨bv٥FX-ZhVJ١XvEK_fw٦WQi٨

ئارەزوو نووری حەکیم. (٢٩ ١٢, ٢٠٢٠). سۆشیال میدیا برەو بە لادانە سێکسییەکان دەدات. تم الاسترداد من رۆژنامەوانی:
https://www.rozhnamawany.com/?p=&٢٩٢٥fbclid=IwAR١nlejNTw٥fkf٥_hR١-nshO٥٧٥DA٠Unen٥VNBIqP-g_AIWEUtSGfOKCBWk
ئاسۆس هەردی. (١ ١, ٢٠٢١). ئەنجوومەنی باڵای میدیا: رێکخستن یاخود کۆت و بەندکردن؟ تم الاسترداد من سبەی:
https://www.sbeiy.com/Dreje_birwra.aspx?jimare=&٢٢٠٤fbclid=IwAR٣jxDhq٢egFDmBIewmzDFiHBkWUph٥٨ApUSnt١٢Zp٠٠UQydSSHP_wINPTc
رووداو. (٢ ١٢, ٢٠٢٠). سنووردارکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرلەمانی تورکیا پەسند کرا. تم الاسترداد من رووداو:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/٢٩٠٧٢٠٢٠١
ژینۆ محەمەد. (١ ١, ٢٠٢١). لە نێوان رۆژنامەنوس و هاوڵاتی رۆژنامەنوسدا. تم الاسترداد من Sbeiy:
https://www.sbeiy.com/Dreje_birwra.aspx?jimare=&٢٥١٣fbclid=IwAR٣ukILKGBiveSyjgg٤xJGBI-ZW٢MqRy٧٠Ddept٣aPGKUt٨IPUAeNORCOFY
ژینۆ محەمەد. (١ ١, ٢٠٢١). لە نێوان رۆژنامەنوس و هاوڵاتی رۆژنامەنوسدا. تاريخ الاسترداد ١ ١, ٢٠٢١، من سبەی:
https://www.sbeiy.com/Dreje_birwra.aspx?jimare=&٢٥١٣fbclid=IwAR٣ukILKGBiveSyjgg٤xJGBI-ZW٢MqRy٧٠Ddept٣aPGKUt٨IPUAeNORCOFY
سیاوش سمنانی رهبر. (٢١ ١٢, ٢٠٢٠). آمار تلگرام در سال ٢٠٢٠ | تعداد کاربران تلگرام در ایران. تم الاسترداد من نوین هاب:
https://novinhub.com/blog/telegram-statistics/
شوان ئادەم ئەیڤەس. (٢ ١, ٢٠٢١). میدیای کوردیی و پارتیزانەکانی. تم الاسترداد من خەندان:
https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=&٤٤٧٠nuser=&١٩٥٣fbclid=IwAR٢GnXUmgieQlhwLgWWQ٤uVlV١I_YYfAXYVgxVPU٣KkKDBDv_syR٠GkE-Vg
عبداللة ممدوح مبارك الرعود. (٢٠١٢). دور شبكات التواصل الاجتماعي في التغيير السياسي في تونس و مصر من وجهة نظر الصحفيين الاردنيين. تم الاسترداد من
file:///C:/Users/RAM٢٠%COMPUTER/Downloads/%D٪٨B٪٤D٪٨A٪٨D٪٨٣٪٩D٪٨A٪٧D٪٨AA٪٢٠%D٨%A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨AA%D٪٨٨٪٩D٪٨A٪٧D٪٨B٪٥D٪٢٠٪٨٤٪٩D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨A٪٧D٪٨AC%D٪٨AA%D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٧D٪٨B٪٩DB٨%C.pdf
فەیسبووك. (٢٠١٨). فەیسبووك، قسم السياسات والابلاغات. تاريخ الاسترداد ٢ ٢٢, ٢٠١٩، من https://www.facebook.com/help/٣٤٨٨٠٥٤٦٨٥١٧٢٢٠
فيجوال كابيتاليست. (٤ ١٠, ٢٠٢٠). بالأرقام .. أكثر مواقع التواصل الاجتماعي استخدامًا في العالم. تاريخ الاسترداد ١٩ ١, ٢٠٢١، من
https://www.argaam.com/ar/article/articledetail/id/١٤١٠٤٤٢
کوردستان٢٤. (٢٤ ١٢, ٢٠٢٠). پۆلیسی گشتی هەرێمی کوردستان ئاماری ٢٠٢٠ بڵاودەکاتەوە. تم الاسترداد من کوردستان٢٤:
https://www.youtube.com/watch?v=bw٨xHqjB-wQ
کەمال محەمەد. (٢ ١, ٢٠٢١). رۆڵ و کاریگەری سۆشیال میدیا لای حیزبە سیاسییەکان. تم الاسترداد من خەندان:
https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=&٢٨٩٣nuser=&١٧٠٤fbclid=IwAR٣jxDhq٢egFDmBIewmzDFiHBkWUph٥٨ApUSnt١٢Zp٠٠UQydSSHP_wINPTc

هیوا حاجی. (٣ ١, ٢٠٢١). (کاریگەری لادانە کۆمەڵایەتییەکان لە میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوک، المحاور)
هەردەوان مەحمود. (١٥ ١, ٢٠٢١). بازارسازی و مارکتینگ لە میدیای کۆمەڵایەتی. (ئاوارە حاجی، المحاور)